مجلة فصلية محكمة تصدرها كلية
التربية للعلوم الإنسانية - جامعة كركوك

# مجلة جامعة كركوك للدراسات الإنسانية

المجلد (20) العدد الثاني - الجزء الثاني - كانون الاول 2025

مجلة جامعة كركوك للدراسات الإنسانية
المجلد (20) العدد الثاني - الجزء الثاني - كانون الاول 2025

مجلة فصلية صادرة من
كلية التربية للعلوم الإنسانية
جامعة كركوك
Issn 1992 - 1179

العنوان البريدي
العراق/ كركوك/ جامعة كركوك
صندوق البريد: 2281 والرمز البريدي: 52001

رقم الايداع في دار الكتب و الوثائق ببغداد 1209 لسنة 2009

# مجلة جامعة كركوك للدراسات الإنسانية

**المجلد (20) العدد الثاني – الجزء الثاني – كانون الاول 2025**

**مجلة فصلية صادرة من كلية التربية للعلوم الإنسانية**
**جامعة كركوك**

**ISSN 1992 - 1179**

**العنوان البريدي**
**العراق/ كركوك/ جامعة كركوك**
**صندوق البريد: 2281 والرمز البريدي: 52001**
**رقم الايداع في دار الكتب و الوثائق ببغداد 1209 لسنة 2009**

**E. mail**
**kujhs@uokirkuk.edu.iq**

**رئيس التحرير**
**الأستاذ الدكتور**
**مراد إسماعيل أحمد**

**25 كانون الاول 2025**

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله ربّ العالمين، والصلاة والسلام على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.

يسرّ هيئة تحرير مجلة (جامعة كركوك للدراسات الانسانية) أن تضع بين أيدي الباحثين والمهتمين هذا العدد الجديد، الذي يضم مجموعة متميزة من البحوث العلمية الرصينة في ميادين العلوم الإنسانية المختلفة، والتي تعكس تنوّع التخصصات وعمق المعالجات المنهجية، وتسهم في إثراء المعرفة الإنسانية وتعزيز الحوار العلمي الرصين.

إن المجلة، ومنذ انطلاقتها، تسعى إلى ترسيخ معايير البحث العلمي الرصين، والالتزام بأصول التحكيم العلمي الدقيق، وتشجيع الدراسات الأصيلة التي تتناول القضايا الإنسانية المعاصرة برؤى علمية ومنهجية متوازنة، بما يخدم تطور المجتمع والارتقاء بالبحث الأكاديمي.

ويأتي هذا العدد ثمرةً لجهود علمية مشتركة بذلها الباحثون الأفاضل، وأعضاء هيئة التحرير، والسادة المحكّمون، الذين كان لإسهاماتهم العلمية وآرائهم الموضوعية الدور الكبير في إخراج البحوث بصورتها النهائية، وفق المعايير المعتمدة في المجلات العلمية المحكمة.

وإذ نثمّن عالياً ثقة الباحثين بمجلتنا، نؤكد استمرارنا في دعم البحث العلمي الجاد، وفتح آفاق النشر أمام الباحثين من داخل العراق وخارجه، آملين أن يشكّل هذا العدد إضافة علمية نوعية تخدم مسيرة البحث في العلوم الإنسانية.

نسأل الله التوفيق والسداد للجميع.

والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته.

رئيس هيئة التحرير

أ.د..مراد إسماعيل احمد

مجلة جامعة كركوك للدراسات الإنسانية

كانون الأول ٢٠٢٥

**شروط وقواعد النشر في مجلة جامعة كركوك للدراسات الإنسانية**

١. تسلم نسخة الكترونية من البحث عبر الموقع ( https://kujhs.uokirkuk.edu.iq ) تحت برنامج Microsoft Word بصيغة doc او بصيغة dox.

٢. يطبع البحث بواسطة الحاسوب بمسافات واحدة بين الأسطر شريطة أن لايزيد عدد صفحاته عن ٢٥ خمس وعشرين صفحة وبواقع (١٠٠٠٠) كلمة، ونوع الخط Simplified Arabic بما في ذلك الجداول، مع تنسيق محدد مسافة ١.٥، خط بحجم ١٤، على ورق A4. للبحوث الخاصة باللغة العربية، يُكتب البحث بخط (Times New Roman) للغة الإنجليزية و التركية بحجم خط (١٤) على ورق مقاس(A4). اما بالنسبة اللغة الكوردية فونت كوران Kurdfonts.

٣. تقديم سيرة علمية مختصرة للباحث أو الباحثين مرفقة مع البحث وتكون منفصلة.

٤. تكتب أسماء الباحثين الثلاثية باللغة العربية والإنجليزية كما تذكر عناوين وظائفهم الحالية ورتبهم العلمية.

٥. إقرار من المؤلف يؤكد أن البحث لم يسبق نشره وليس قيد النشر في مجلة أخرى.

٦. العناوين الرئيسة والفرعية تستعمل داخل البحث لتقسيم أجزاء البحث حسب أهميتها وبتسلسل منطقي وتشمل العناوين الرئيسة: عنوان البحث، الملخص، الكلمات الدالة، المقدمة، إجراءات البحث، الشرح، الاستنتاج، المراجع.

٧. يرفق مع البحث ملخص باللغة العربية وباللغة الإنجليزية على أن لاتزيد كلمات الملخص عن (٢٥٠) كلمة.

٨. تكتب بعد الملخص الكلمات الدالة للبحث.

٩. تطبع الجداول والأشكال والخرائط داخل المتن وترقم حسب ورودها في البحث وتزود بعناوين ويشار إلى كل منها بالتسلسل.

١٠. يجوز نشر البحث إذا كان مستلًا من أطروحة أو رسالة دكتوراه أو ماجستير، بشرط ألا تكون هذه الرسائل منشورة أو مقبولة للنشر، ويجب الإشارة إلى هذا في الصحيفة الأولى وقائمة المراجع، والإفصاح عن ذلك في الإقرار والتعهد.

١١. يلتزم الباحث بدفع النفقات المالية المترتبة على إجراءات التقويم في حال طلبه سحب البحث ورغبته عدم متابعة إجراءات النشر.

١٢. يمنح الباحث مدة أقصاها شهرا واحدا لإجراء التعديلات على بحثه إن وجدت ومن حق المجلة بعد ذلك الغاء الملف البحثي تلقائيا في حال تجاوز المدة المذكرة أعلاه.

١٣. التوثيق ( قائمة المراجع )

أ. يُشترط اتباع أسلوب الكتابة وفقًا لمعايير APA النسخة السابعة (الجمعية الأمريكية لعلم النفس )، ويجب الالتزام بالدقة في الاستشهادات وتنسيق القائمة المرجعية وفقًا لهذه المعايير، لضمان الوضوح والتناسق في تقديم البيانات والمعلومات العلمية.

ب. يشار إلى المراجع في المتن بالاسم الأخير للمؤلف وسنة النشر والصحيفة، مثال: علي عبد عباس العزاوي ( العزاوي، ٢٠٠٨: ٢١٤) أو ( العزاوي، ٢٠٠٨).

ت. يجوز في بحوث علوم القرآن والتأريخ الإسلامي توثيق المراجع من خلال تهميش المراجع باستعمال الأرقام المتسلسلة بين قوسين هكذا (١) ، (٢) ، (٣) وتبين في آخر البحث تفاصيل المراجع حسب تسلسلها وتوضع قبل قائمة المصادر والمراجع.

ث. توثق المصادر والمراجع في قائمة واحدة في نهاية البحث وترتب هجائيا حسب الاسم الأخير للمؤلف مثل:

(اسم العائلة، الاسم الأول للمؤلف، (سنة النشر ), عنوان الكتاب، رقم الطبعة، مدينة النشر، در النشر )، مثال:

شحاذة ، نعمان ٢٠١١، التحليل الإحصائي في الجغرافية والعلوم الاجتماعية، عمان – الأردن، دار صفاء للنشر والتوزيع.

ج. أما الدوريات: فيبدأ بذكر الاسم الأخير للمؤلف، ثم بقية الاسم كاملاً، ثم توضع سنة النشر بين حاصرتين. ثم عنوان البحث. ثم اسم المجلة غامق، ثم مكان صدورها، ثم رقم المجلد، ثم رقم العدد، ثم أرقام الصفحات.

١٤. عمل استلال للبحث في مركز الحاسبة الصادر من رئاسة الجامعة.

١٥. على الباحث دفع أجور النشر البالغة: (١٥٠.٠٠٠) مائة وخمسون الف دينار عراقي واذا زاد عدد الصفحات عن (٢٥) خمس وعشرين صحيفة فسوف يتم استيفاء الأجور بواقع (٥.٠٠٠) خمسة الاف دينار لكل صفحة.

١٦. تجري هيئة تحرير المجلة التقييم الأولي للبحث، ثم يُعرض على محكّمين من ذوي الخبرة العلمية في مجال التخصص، وتلتزم المجلة بإخطار الباحث بالقرار النهائي بشأن الموافقة على النشر من عدمها على أن يلتزم الباحث بإجراء التعديلات التي قد يطلبها المحكمون من أجل إجازة البحث أو الدراسة للنشر في المجلة.

١٧. ترسل البحوث وجميع المراسلات المتعلقة بالمجلة الى موقع المجلة.

## أعضاء هيئة التحرير

| ت | الاسم | اللقب العلمي | البلد | الاختصاص | مكان العمل | الملاحظات |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | د. مراد إسماعيل احمد | أستاذ | العراق | الجغرافية | جامعة كركوك كلية التربية للعلوم الإنسانية | رئيس هيئة التحرير |
| ٢ | د. حيدر عادل محمد | مدرس | العراق | اللغة التركية | جامعة كركوك كلية التربية للعلوم الإنسانية | مدير هيئة التحرير |
| ٣ | د. مشاري عبد العزيز محمد الموسى | استاذ | الكويت | اللغة العربية | جامعة الكويت كلية الاداب | عضو هيئة تحرير دولي |
| ٤ | د. سيد صادق عوض الله احمد | استاذ | مملكة البحرين | اللغة الإنكليزية | جامعة البحرين كلية الاداب | عضو هيئة تحرير دولي |
| ٥ | د. نازان توتاش | أستاذ | تركيا | اللغة الإنكليزية | جامعة انقرة كلية اللغات | عضو هيئة تحرير دولي |
| ٦ | د. فهد عباس سليمان | أستاذ | العراق | التاريخ | جامعة كركوك كلية التربية للبنات | عضو هيئة هيئة تحرير |
| ٧ | د. نور الله جتين | استاذ | تركيا | اللغة التركية | جامعة انقرة كلية اللغات | عضو هيئة تحرير دولي |
| ٨ | د. كمال عبد الله حسن | استاذ | العراق | الجغرافية | جامعة الانبار كلية الاداب | عضو هيئة تحرير |
| ٩ | د. زانيار فائق سعيد | استاذ | العراق | اللغة الانكليزية | جامعة السليمانية | عضو هيئة تحرير |
| ١٠ | د. جنار عبد القادر احمد | أستاذ | العراق | علوم تربوية ونفسية | جامعة كركوك كلية التربية للعلوم الإنسانية | عضو هيئة تحرير |
| ١١ | د. دلال علي سليمان زريقات | استاذ | الأردن | الجغرافية | الجامعة الأردنية كلية الاداب | عضو هيئة تحرير دولي |
| ١٢ | د. ياسر محمد طاهر | أستاذ | العراق | طرائق التدريس | جامعة كركوك كلية التربية للعلوم الصرفة | عضو هيئة تحرير |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٣ | د. كاروان عمر قادر | استاذ | العراق | اللغة الكوردية | جامعة السليمانية كلية اللغات | عضو هيئة تحرير |
| ١٤ | د. عصام مصطفى عبد الهادي عقلة | أستاذ مشارك | الامارات | التاريخ | جامعة خورفكان كلية الاداب | عضو هيئة تحرير دولي |
| ١٥ | د. ابراهيم بن يحيى بن زهران البوسعيدي | أستاذ مشارك | سلطنة عمان | التاريخ | جامعة السلطان قابوس كلية الاداب | عضو هيئة تحرير دولي |
| ١٦ | د. نزيه إبراهيم المناسية البطوش | استاذ | الاردن | الجغرافية | الجامعة الأردنية | عضو هيئة تحرير دولي |
| ١٧ | د.خالصة الغباري | أستاذ مساعد | سلطنة عمان | اللغة الإنكليزية | جامعة السلطان قابوس كلية الاداب | عضو هيئة تحرير دولي |
| ١٨ | د. مهدي قيس عبد الكريم الجنابي | أستاذ مساعد | الامارات | علوم القران | جامعة الشارقة كلية الشريعة والدراسات الإسلامية | عضو هيئة تحرير دولي |
| ١٩ | د. إسماعيل البر قومسر | أستاذ مساعد | تركيا | اللغة التركية | جامعة دوزجه | عضو هيئة تحرير دولي |
| ٢٠ | د.فارس محمود محمود | أستاذ مشارك | سويسرا | الجغرافية | جامعة بيرن | عضو هيئة تحرير دولي |
| ٢١ | د. كامل عبد القادر حسين | أستاذ مساعد | العراق | علوم القران | جامعة كركوك كلية التربية للعلوم الإنسانية | عضو هيئة تحرير |
| ٢٢ | د. عز الدين صابر محمد | أستاذ مساعد | العراق | اللغة الكوردية | جامعة كركوك كلية التربية للعلوم الإنسانية | عضو هيئة تحرير |
| ٢٣ | د. خالد احمد هواس | أستاذ مساعد | العراق | اللغة العربية | جامعة كركوك كلية التربية للعلوم الإنسانية | عضو هيئة تحرير |
| ٢٤ | د. محمد اكبر بور | أستاذ مساعد | ايران | الجغرافية | جامعة ريزا كلية الاداب | عضو هيئة تحرير دولي |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٥ | د. علي هادي حسن | أستاذ مساعد | العراق | اللغة العربية | جامعة كركوك كلية التربية للعلوم الإنسانية | عضو هيئة تحرير |
| ٢٦ | د. مجيد احميد جدوع الزبيدي | استاذ | العراق | اللغة الإنكليزية | جامعة الانبار كلية الاداب | عضو هيئة تحرير |
| ٢٧ | د. محمد علي شريف | أستاذ مساعد | العراق | اللغة التركية | جامعة كركوك كلية التربية للعلوم الإنسانية | عضو هيئة تحرير |
| ٢٨ | د. زينب عصمت صفاء الدين | مدرس | العراق | اللغة الإنكليزية | جامعة كركوك كلية التربية للعلوم الإنسانية | عضو هيئة تحرير |
| ٢٩ | د. عماد عبد الله مراد | مدرس | العراق | علوم القران | جامعة كركوك كلية التربية للعلوم الإنسانية | عضو هيئة تحرير |

## فهرست البحوث المنشورة

### بحوث التاريخ


| ت | عنوان البحث | الباحث | رقم الصفحة |
|---|---|---|---|
| 1 | مهنة الثلاج وتطورها في العصر العباسي (١٩٢ـــ ٦٥٦ هـ /٨٠٧ ــ١٢٥٨م) | م. د. إسماعيل طه غفور العبيدي | 1-22 |
| 2 | مفاوضات ايكس ليبان واستقلال المغرب ١٩٥٥-١٩٥٦ | م.د ريام عباس دعيبل | 23-47 |
| 3 | العلاقة بين امارة اردلان و الدولة العثمانية للفترة ١٥٢٠-١٥٦٦م (دراسة تاريخية سياسية) | سوزان صالح كريم | 48-77 |
| 4 | الحزب الشيوعي السوري والموقف الحكومي منه حتى عام ١٩٧٢ | شهلاء امين رشيد محمد | 78-123 |
| 5 | دور نقابة اشراف بغداد في الحث على الجهاد اثناء الحرب العالمية الاولى(١٩١٤-١٩١٨) | م.م.عماد احمد حميد | 124-150 |
| 6 | انعكاس النضال الطبقي والنقابي في جنوب كردستان في صحيفة رێگای كوردستان" طريق كوردستان (١٩٩١-١٩٩٤) | ا.م.د.فريدون عبدالرحيم عبدالله | 151-187 |


### بحوث الجغرافية


| ت | عنوان البحث | اسم الباحث | رقم الصفحة |
|---|---|---|---|
| 7 | تقييم بيئي لتراكيز العناصر الثقيلة في انسجة الاسماك المستوردة المجمدة في اسواق مدينة الكوفة | حسن علاوي عبود العكراوي<br>حسنين محمد عبد الحسين ابو شبع | 188-213 |
| 8 | أثر درجة حرارة الهواء والرطوبة في الراحة الحرارية للإنسان في مدينة كركوك , العراق للمدة (١٩٩٠-٢٠٢٠) | م.م سراء وضاح خضير | 214-235 |
| 9 | النباك في ناحية الصينية بقضاء بيجي دراسة جيومورفولوجية | م.د. سعدي خلف احمد | 236-277 |

## بحوث العلوم التربوية و النفسية


| ت | عنوان البحث | اسم الباحث | رقم الصفحة |
|---|---|---|---|
| 10 | التجريد من الإنسانية وعلاقته بالإقصاء الاخلاقي | آ. م. د أنور جبار علي | 278-321 |
| 11 | التفكير المنظومي لدى المرشدين التربويين | م.د. وليد خليل اسماعيل | 322-345 |


## بحوث اللغة العربية


| ت | عنوان البحث | اسم الباحث | رقم الصفحة |
|---|---|---|---|
| 12 | بلاغة الاقتصاص في القصص القرآنية المنفردة من تقطيع الأحداث إلى توليد المعني قراءة في نماذج مختارة | ا.م. د. أحمد جمعة شوان | 346-390 |
| 13 | العوامل الحجاجية ودورها في التماسك النصي دراسة تطبيقية في ديوان الإمام الشافعي – نماذج مختارة– | د. آرام علي عثمان | 391-415 |
| 14 | الاستلزام الحواري في شعر الخنساء في ضوء مبادئ بول غرايس | أ. م. د. سعد عبد الرحيم أحمد الحمداني | 416-450 |


## بحوث اللغة الانكليزية


| ت | اسم البحث | اسم الباحث | رقم الصفحة |
|---|---|---|---|
| 15 | التفاعل بين النحو والدلالات الضمنية في استنباط المعنى | ابراهيم حسن عبدالله | 451-473 |
| 16 | الذهان الأنثوي والاضطهاد الأبوي كما «يتجلّى في قصة «ورق الجدران الأصفر | د.انمار عدنان محمد حسن | 474-488 |

## بحوث اللغة التركية


| ت | اسم البحث | اسم الباحث | رقم الصفحة |
|---|---|---|---|
| 17 | آراء المعلّمين حول تعليم اللغة التركية في العراق (نموذج كركوك) | م.م نجاة ايوب شكر | 489-522 |


## بحوث علوم القران


| ت | اسم البحث | اسم الباحث | رقم الصفحة |
|---|---|---|---|
| 18 | مبدأ فقه الأولويات وأهميته في المجال الاقتصادي الاسلامي | أ.م. د. عبد الستار شحاذه حسين اللهيبي | 523-554 |
| 19 | الضوابط التفسيرية والمقاصدية في بناء مفهوم الفتنة في القرآن الكريم: دراسة تطبيقية في سورة البقرة | أ.م. د. احمد عبد الله رحيم | 555-594 |


## البحوث المستلة


| ت | عنوان البحث | اسم لباحث | رقم الصفحة |
|---|---|---|---|
| 1 | التوزيع الجغرافي للصناعات الكبيرة في محافظة كركوك لسنة ٢٠٢٤م | ريام ياس جاسم الحيالي<br>أ. م. د ماهية محسن حسن<br>أ . د عباس رشيد علي | 620-595 |
| 2 | الفعل الماضي في ديوان عمر لاحقة العاشق | م.م. مرتضى سيف الدين نجم الدين<br>أ.م.د. گـۆران صلاح الدين شكر | 636-621 |
| 3 | دراسة تحليلية لمحتوى القصائد بوزن العروض في ديوان صادق بشيرلي(من كأس إلى بحر) | فاطمة عباس حميد<br>ا.م.د. ارسان هاشم محمود الساقي | 653-637 |
| 4 | المرأة في قصيدة "المرأة لا تريد أن تكون امرأة" لعلي بنجواني | آ.د. سامان عزالدين سعدون<br>م. آشتى حسين عارف | 672-654 |
| 5 | التأدب فى استلزامات التخاطبية | سروه محمد كريم<br>أ.د شهاب طيب طاهر | 689-673 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 6 | الأنفال وانعكاساتها في شعر لطيف فاتح فرج | سواره محمد احمد<br>ا.م.د اسو عمر مصطفى | 719-690 |
| 7 | سيميائية العنوان في اشعار فرهاد شاكلي الشعرية | سيران احمد عبدالقادر<br>د. ديلان سلام حمەفرج | 742-720 |
| 8 | بيداغوجية تعليم اللغة<br>تدريس اللغة الكردية في الصف الأول الابتدائي، في المدارس الابتدائية غير الحكومية في مركز القضاء بمحافظة السليمانية، نموذجا | شونم عثمان محمد<br>أ.د.عادل رشيد قادر | 779-743 |
| 9 | المواد المحاكة في قصائد الشاعر نالي | بيستون يوسف سعيد | 803-780 |
| 10 | الفكر الأسطورى في قصائد صباح رنجدەر من منظور النقد الأسطورى | لاڤيا نهرۆ حسين<br>د.سۆران مامەند عبدالله | 819-804 |
| 11 | الفساد الاجتماعي في نظام الحكم الإمارات الكردية في العصر العباسي | شاخوان حمدامين رشيد<br>د. ابوبكر حمد بالەكى | 844-805 |
| 12 | القراءات القرآنية<br>وأثرها<br>في فهم النص القرآني | أ.د. ضياء سرحان خلف | 870-845 |
| 13 | رواية "غيب اصلي" للروائي توماس بينشون وتقاليد القص البوليسي الميتافيزيقي | ا.د. مجيد احميد جدوع<br>وديان علي سرحان | 871-885 |

Kirkuk University Journal of Humanities Studies
مجلة جامعة كركوك للدراسات الإنسانية
https://kujhs.uokirkuk.edu.iq
DOI: 10.32894/1992-1179.2025.159978.1208
Date of Submission:8/5/2025 Date of Revision: 6/2/2025Date of Acceptance:6/12/2025 Date of Publication:12/12/2025

# Social Corruption in the Governing System of Kurdish Emirates during the Abbasid Era

**Shakhawan Hamadamin Rashid**
**Dr. Abubaker Hamad Balaki**

Abstrac

Corruption is one of the phenomena that has existed throughout history, especially in states, emirates, and successive caliphates. Undoubtedly, some Kurdish emirates suffered from this phenomenon. In this context, this research sheds light on the phenomenon of corruption, particularly social corruption. This study is an attempt to understand social corruption in the Kurdish emirates during the Abbasid era through analyzing and critiquing historical texts while highlighting the definition of social corruption within the Islamic systems.

The research consists of an introduction and three main sections. The first section deals with defining corruption in general and social corruption in particular. The second section introduces the Kurdish emirates in the regions of Arran and Azerbaijan, demonstrating the existence of social corruption therein. The third section is dedicated to examining the Kurdish emirates in the regions of Al-Jibal (the Mountains) and Al-Jazira (the Island), highlighting the presence of social corruption in these regions. The research concludes with a summary of the most important findings along with a list of the most significant sources and references.

## الفساد الاجتماعي في نظام الحكم الإمارات الكردية في العصر العباسي

**شاخوان حمدامين رشيد**

**د. ابوبكر حمد بالەكى**

الفساد من الظ

واهر التي كانت موجودة منذ القدم وخاصة في الدول والإمارات والخلافات المتعاقبة، ولا شك أن بعض الإمارات الكردية كانت تعاني من وجود هذه الظاهرة، وفي هذا الإطار نسلط الضوء في هذا البحث على ظاهرة الفساد، وخاصة الفساد الاجتماعي، وإن هذه الدراسة هي محاولة لفهم الفساد الاجتماعي في الإمارات الكردية في العصر العباسي من خلال تحليل النصوص التاريخية ونقدها مع تسليط الضوء على تعريف الفساد الاجتماعي ضمن النظم الإسلامية.

يتكون البحث من مقدمة وثلاثة مباحث رئيسية، حيث يتناول المبحث الأول تعريف الفساد بشكل عام والفساد الاجتماعي بشكل خاص، ويتناول المبحث الثاني التعريف بالإمارات الكردية في إقليمي آران وأذربيجان مع بيان وجود الفساد الاجتماعي فيها، أما المبحث الثالث فقد خُصص لبحث الإمارات الكردية في إقليمي الجبال والجزيرة مع تسليط الضوء على وجود الفساد الاجتماعي فيها، واختُتم البحث بخاتمة ذُكر فيها أهم النتائج التي توصل إليها البحث مع قائمة بأهم المصادر والمراجع.

## گەندەڵی کۆمەڵایەتی لە سیستەمی فەرمانڕەوایەتی میرنیشینە کوردییەکانی سەردەمی عەباسیدا

**شاخوان حمداین رشید** **د. ابوبکر حمد دیوانە**

**بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سۆران- سۆران، هەرێمی کوردستان، عێراق**

**بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی سۆران-سۆران، هەرێمی کوردستان، عێراق**

**پوختە:**

گەندەڵی یەکێکە لەو دیاردانەی کە بە درێژایی مێژوو بوونی هەبووە، بە تایبەتی لە دەوڵەت و میرنشینە و خەلافەتە یەک لە دوای یەکەکان. بێگومان میرنشینە کوردییەکانیش گیرۆدەی ئەم دیاردەیە بوون، لەم چوارچێوەیەدا ئێمە لەم توێژینەوەیەدا تیشک دەخەینە سەر دیاردەی گەندەڵی، بە تایبەتی گەندەڵی کۆمەڵایەتی. ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ تێگەیشتن لە گەندەڵی کۆمەڵایەتی لە میرنشینە کوردییەکان لە سەردەمی عەباسی لە ڕێگەی شیکردنەوە و ڕەخنەگرتن لە دەقە مێژووییەکان لەگەڵ تیشک خستنە سەر پێناسەی گەندەڵی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی سیستەمی ئیسلامی.

ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی و سێ باسی سەرەکی پێکهاتووە، لە باسی یەکەمدا پێناسەی گەندەڵی بە شێوەیەکی گشتی و گەندەڵی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی تایبەت خراوەتە ڕوو، لە باسی دووەمدا پێناسەی میرنشینە کوردییەکانی هەرێمی ئاران و ئازەربایجان کراوە لەگەڵ دەرخستنی بوونی گەندەڵی کۆمەڵایەتی تێیاندا، باسی سێیەمیش تەرخان کراوە بۆ لێکۆڵینەوە لە میرنشینە کوردییەکانی هەرێمی چیا و جەزیرە لەگەڵ تیشک خستنە سەر بوونی گەندەڵی کۆمەڵایەتی تێیاندا، و توێژینەوەکە بە ئەنجامێک کۆتایی هاتووە، لە کۆتاییدا گرنگترین دەرەنجامەکانی توێژینەوەکە خراونەتە ڕوو لەگەڵ لیستی گرنگترین سەرچاوە و ژێدەرەکان.

**كلیله وشه: گەندەڵێ، کۆمەڵایەتی، میرنیشین، کورد.**

**پێشەکی :**

گەندەڵی کۆمەڵایەتی بابەتێکی هەستیاری ناو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییە، زۆرینەی کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتی بە درێژایی مێژوو ڕووبەڕووی ئەم دیاردەیە بوونەتەوە و بەشێکیان توانای چارەسەرکردنیان نەبووە و بەرەو لەناوچوون ڕۆیشتوون. میرنشینە کوردییەکانی سەردەمی عەباسی بێبەش نەبوون لەم دیاردەیە و لە ناو سیستەمی فەرمانڕەوایەتی ئەم میرنشینانەدا گەندەڵی کۆمەڵایەتی بەدی دەکرێت و کاریگەری زۆری لەسەر میرنشینەکان داناوە، تەنانەت تا ئاستی لاوازکردن و ڕووخانی میرنشینەکان. بەشێک لە میر و دەسەڵاتداران ڕۆڵێکی نەرێنی گەورەیان هەبووە لە تەشەنەکردنی ئەم دیاردەیەدا، بۆیە ئێمە لەم توێژینەوەیەدا تیشک دەخەینە سەر گەندەڵی کۆمەڵایەتی لە سیستەمی فەرمانڕەوایی میرنشینە کوردییەکانی سەردەمی عەباسی و ڕووداوەکان دەخەینە بەر لێکۆڵینەوە و شەن و کەویان دەکەین. هاوکات لە چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیەدا تەنها باس لەو میرنشینە کوردییانە دەکەین کە لە سەردەمی عەباسی دروستبوون و هەر لەو سەردەمەشدا لەناوچوون.

**هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە:**

بۆ زیندوویی بابەتەکە دەگەڕێتەوە، چونکە گەندەڵی شتێک نییە ببێتە ڕابردوو، لە هەموو سەردەمێکدا بوونی هەیە و کاریگەری لەسەر کۆمەڵگا بەجێ دەهێڵێت. هەروەها بەشی زۆری توێژەرانی پێش ئێمە لایەنە جۆربەجۆرەکانی ئەم میرنشینانەیان باسکردووە، بەڵام خۆیان پاراستووە لە بەدیارخستنی ئەم لایەنە. ئێمە بەباشمان زانی خۆمان دەست لەسەر پرسە نەرێنییەکان دابنێین، لە بری ئەوەی کەسانێک چەواشەکاری تێدا بکەن، بۆیە ئێمە هەوڵمانداوە بە سپاردەیی شیکردنەوە بۆ دەقە مێژووییەکان بکەین.

**پرسیاری توێژینەوە:**

ئەو پرسیارانەی لەم توێژینەوەیەدا هەوڵمانداوە وەڵامەکانیان بۆ خوێنەر ڕوونبکەینەوە ئەوەیە: بۆچی میرەکان و دەسەڵاتداران نەیانتوانی ڕێگری لەو لادانە کۆمەڵایەتییە بکەن کە لەناو میرنشینەکان سەری هەڵدا؟ ئایا خۆیان بەشێک بوون لەم گەندەڵییە کۆمەڵایەتییە یاخود نا؟

**چوارچێوەی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە خۆی دەبینێتەوە لە پێشەکی و سێ باسی سەرەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان. لە باسی یەکەمدا ناساندنێک بۆ گەندەڵی کۆمەڵایەتی کراوە، لە باسی دووەمدا تیشک خراوەتە سەر میرنشینە کوردییەکانی هەرێمی ئاران و ئازەربایجان و گەندەڵی کۆمەڵایەتییەکان خراونەتە ڕوو، لە باسی سێیەمدا لە میرنشینەکانی هەرێمی چیا و جەزیرە ، کە خۆی دەبینێتەوە لە حەسنەوییەکان و عەنازییەکان، مەڕوانییەکان و هەزبانییەکا خۆی دەبینێتەوە.

**میتۆد و تیۆری توێژینەوە:**

لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی مێژوویی-شیکاری ڕەخنەیی بەکارهاتووە. هەوڵدراوە شیکردنەوەی پێویست بۆ دەقە مێژووییەکان بکرێت و هەروەها ڕەخنەی زانستی ئاراستەی دەقەکان بکرێت بە پشت بەستن بە سەرچاوە مێژووییەکان و شیکردنەوەی توێژەرانی سەردەم. هەروەها هەوڵدراوە گەندەڵی لە ژێر ڕۆشنایی سیستەمی ئیسلامی (النظم الإسلامي) ڕاڤە بکرێت، ئەمەش بەهۆی زۆری پێناسەکان و جیاوازی لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێک و لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەک، بۆیە سیستەمی ئیسلامی وەکو تیۆری شیکردنەوەی بابەتەکە بەکارهاتووە.

**بەشی یەکەم: ناساندنی "گەندەڵی" و گەندەڵی کۆمەڵایەتی (الفساد الاجتماعي) :**

گەندەڵی بە گشتی هەڵسوکەوتێکی نا ڕاستگۆیانەیە، یاخود چالاکیەکی تاوانکارییە، لە لایەن ئەو کەس و دەزگا و دامەزراوانە ئەنجام دەدرێت، کە لە لایەن هاوڵاتیانەوە متمانەیان پێ دراوە و دەسەڵات و پلەو پۆستیان لە دەست دایە (گەیلان عەباس 2021، 6).

سەبارەت بە گەندەڵی (الراغب الاصفهاني) (ت: 502ک/1108ز) ئاماژە بەوە دەکات و دەڵێت : " الفَسَادُ: خروج الشيء عن الاعتدال، قليلا كان الخروج عنه أو كثيرا، ويضادّه الصّلاح، ويستعمل ذلك في النّفس، والبدن، والأشياء الخارجة عن الاستقامة، يقال: فَسَدَ فَسَاداً وفُسُوداً (1412هـ، 636)، واتە : دەرچوونی شتێک لە ڕێڕەوی خۆی ئینجا کەم بێت یان زۆر، و پێچەوانەی چاکسازییە، ئەمەش لە دەرون و جەستە و ئەوشتانەی لە دەرەوەی خۆڕاگری بەکاردێت، کە پێی دەگوترێ گەندەڵبوو، گەندەڵی، زۆر گەندەڵ.

ئەم ڕەوشتی تێکچوونی بنەما و بەها کۆمەڵایەتییەکانە زیاتر لەگەڵ گەندەڵی ڕەوشتی یەکدەگرێتەوە، ئەم جۆرە گەندەڵییە لە لایەن چەند کەسێک سەرهەڵدەدات و دواتر بە زۆرینەی کۆمەڵگا بڵاو دەبێتەوە، نمونەی ئەم جۆرەش ئەنجامدانی تاوانی سێکسی و کوشتن و دەست بردن بۆ قەدەغەکراوەکان و تێکدانی ئاسایشی گشتی (محمد جمعة عبدو، 2018: 14)، هەروەها دروستبوونی چینایەتی و ناکۆکی و ململانێی نێوان چینەکانی کۆمەڵگە و زۆربوونی تاوان و دەستدرێژیکردن و لادانی کۆمەڵایەتی لەناو کۆمەڵگا، ئەمانە دەچنە چوارچێوەی گەندەڵی کۆمەڵایەتی.

بەهەمان شێوە ئەم جۆرە گەندەڵییە یەکێکە لە گەندەڵییە مەترسیدارەکان، چونکە زۆرینەی کۆمەڵگا دەگرێتەوە و بەرەو لێکترازان و هەڵوەشاندنەوەی دەبات و تیایدا متمانە لە نێوان کەسەکان نامێنێت و جگە لەوەش خەڵك متمانەی بە دەسەڵاتداران لەدەست دەدات لە نمونەی بڵاو بوونەوەی ڕەشوە و پەیوەندی ناشەرعی (تيسير محمد، 2015: 81 ؛ گەیلان عباس، 2021: 12).

هەر لادانێکی کۆمەڵاییەتی دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی گەندەڵی، ژیانی کۆمەڵایەتیش بە بارودۆخی سیاسی و ئابوری گرێدراوە، هەر تێکچونێک لەم بارودۆخانە ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی دەبێت.

توێژەران هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان بۆ چەندین جۆر دابەش دەکەن، وەکوو جیناتی مرۆڤ و نەخۆشی دەروونی و ئەو ژینگەیەی کەوا تێدا دەژییێت، ژینگە قەڵەبالغەکان زیاتر گەندەڵی تێدا دەکرێت، نمونەی شارەکان گەندەڵی زیاتری تێدا دەکرێت بە بەراورد بە گوندەکان (اسحاق ابراهیم ، 1991: 73 ؛ سعید بن فائز، 2001: 63).

دروستبوونی جیاوازی چینایەتی لەناو کۆمەڵگا و دروستکردنی پەیوەندی ناشەرعی لە نێوان کاربەدەستان و ڕەگەزی بەرامبەر، هەروەها بەکارهێنانی پۆستی حوکمی بۆ بەرژەوەندی تایبەتی (گەیلان عەباس، 2021: 12 ؛ رمضان الپراقي، 2024: 25 ؛ حامد حاجی قادر، 2012: 51).

وەکو (الطرطوشي)(م: 520ک/1126ز) ئاماژەی پێدەکات باشترین و بەهێزترین ڕێگای فەرمانڕەوا بۆ چاکردنی کۆمەڵگا و پاراستنی ئاینی و ڕەوشتیان، ئەوەی کە خۆی چاکبکات و لە ڕەفتاری ناشرین و گوماناوی دوور بکەوێتەوە، و خۆی دوور بگرێت لە هاوڕێیەتی کەسانی بەرژەوەندی خواز و بێباک و هەلپەرست (الطرطوشي، 1872: 116-117).

هەروەها لادانە ڕەوشتی و ڕەوشتییەکان لە کۆمەڵگا دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی گەندەڵی، یەکێک لە پارێزەرەکانی ڕەوشتی کۆمەڵگا بریتییە لە ئایین، چونکە چوارچێوەیەکی ئایینی بۆ خووڕەوشتی مرۆڤەکان دیاری کردوە، هەر لادانێک و دەرچوونێك لە ئایین دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی گەندەڵێ کۆمەڵایەتی (هند محمود، 2018: 394)، گەندەڵییە کۆمەڵایەتییەکان زۆرن کاتیک کۆمەڵگا بەرەو کاری بەدڕەوشتی و خواردنەوەی مەی و فێڵکردن و وەرگرتنی ڕەشوە و گرنگی دان بە خۆشگوزەرانی و کات بەسەر بردن دەدات ئەوا کۆمەڵگاکە بەرەو گەندەڵی هەنگاو دەنێت. تەنانەت لە کۆمەڵگا موسڵمانەکان هیچ ڕێگرییەک نیە بۆ ئەوەی سزا بۆ ئەو کەسانە جێبەجێ نەکرێت کە مەی دەخۆنەوە، چونکە یەکێکە لەو هۆکارانەی کە کۆمەڵگا بەرەو گەندەڵی دەبات (عبدالقادر عودة، 1431هـ : 500/2).

گەندەڵی کۆمەڵایەتی بە هەمان شێوەی بوارەکانی تر لە میرنیشینە کوردییەکان بەرچاو دەکەوێت، ئەم جۆرە گەندەڵییە خۆی دەبینێتەوە لە لایەنی کۆمەڵایەتی، لە ژیانی ڕۆژانەی میر و دەسەڵاتداران و ژن و ژنخوازی و ئاهەنگ و بۆنەکان و ئاهەنگی شەوانە، بە شێک لە ژیانی میر و دەسەڵاتداران بریتیبووە لە خۆشگوزەرانی و بەسەربردنی کاتەکانیان لە ئاهەنگ و خواردنەوە و مەجلیسی گۆرانی گوتن، لەم توێژینەوەیە بەشێک لەم دیاردەیە لەناو میرنیشینە کورییەکان دەخەینە بەر ڕوو.

بەشی دووەم: میرنیشینەکانی هەرێمی ئاران [1] و ئازربێجان[2]:

گەندەڵی کۆمەڵایەتی لە میرنیشینی شەددادی[3] لە هەرێمی ئاران، بەهۆی نەبوونی زانیاری پێویست سەبارەت بەم میرنیشینە کەمتر گەندەڵی کۆمەڵایەتی بەدی دەکرێت، هەندێک دیاردە هەبوو کە شایەنی ئەوەیە تیشکی بخەینە سەر ئەویش جیاوازیکردنی دایک بوو بەرامبەر منداڵاکانی، خۆشەویستی دایکی بۆ (المرزابان بن محمد)(386-375ك/979-985ز) کوڕی وایکرد بە پێش (فضلون بن محمد)(375-422ک/985-1031ز)ی برای بخات و دەسەڵاتی میرنیشینەکە وەربگرێت و ببێتە میری میرنیشینی شەدادی هەرچەندە (فضلون) شایستە تر بوو بە دەسەڵات، هەر بەهۆی ئەم پشتگیریە

دەسەڵاتی وەرگرت و میرنیشینەکە بەرەو لاوازی ڕۆشت (منجم باشی، 1994: 10). ئەم نموونەیە بە ڕوونی دیاردەیەکی گەندەڵی کۆمەڵایەتی دەردەخات، کە تێیدا پەیوەندی خێزانی و سۆزی تاکەکەسی زاڵ دەبێت بەسەر بنەماکانی شایستەیی و بەرژەوەندی گشتیدا. دەرەنجام، دانانی کەسێکی ناشایستە لە پۆستێکی هەستیاردا تەنها زیان بە سیستەمی حوکمڕانی ناگەیەنێت، بەڵکو دەبێتە هۆی تێکچوونی متمانە و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و لاوازکردنی پێکهاتەی گشتیی کۆمەڵگا.

هەر ئەم هۆکارەش وایکرد براکەی بیر لە لەناوبردنی بکاتەوە ئەویش لە کاتی ئەنجامدانی ڕاوو، زۆر جار ئەم ڕاوکردنە جگە لە ڕاوی ئاژەڵ دەبووە جێگای ڕاوکردنی نەیاران و یەکلایکردنەوەی دەسەڵات لەنێوان خودی بنەماڵەی فەرمانڕەوا، بۆ نمونە لە دوای وەرگرتنی دەسەڵات لە لایەن میر (المرزبان) لە کاتی ڕاوکردن دا (فضلون)ی برای لە دەرفەتێکی قۆستەوە (المرزبان)ی برای کوشت (منجم باشي، 1994: 10).

جگە لە دایک هەندێک جار باوکیش دەستی هەبوو لە دروستکردنی جیاوازی لەنێوان منداڵەکانیان، دواتریش ئەم جیاوازیکردنە بۆتە هۆی دروستبوونی کێشە و تەنانەت کوشتاریشی لێ کەوتۆتەوە، کاتێک کێشەیەک لە نێوان میر (فضلون) و (عسكوية)ی کوڕی دروست دەبێت، میر (فضلون) کوڕێکی تری بەناوی (موسى) دەنێرێت بۆ کوشتنی براکەی ئەویش بێ دوودڵی براکەی خۆی دەکوژێت (منجم باشي، 1994: 11). ئەمەش ئەوەمان بۆ بەدیار دەخات، کاتێک پرسی دەسەڵات دێتە پێشەوە هیچ بەهایەک بۆ خێزان و ئەندامەکانی خێزان نامێنێتەوە.

سەبارەت بە میر (لشكري بن موسى)(425-441ک/1034-1049ز) لەشکری دووەم، وەکو (منجم باشي) باسی لێوە دەکات، دوای کوشتنی باوکی، دواتر کەنیزەکێکی باوکی دەکاتە هاوسەری خۆی (1994:12)، ئەمەش گەندەڵیەکی ڕوونی کۆمەڵایەتییە، خوای گەورە ئەم کارەی حەرام کردووە وەکو لە قورئانی پیرۆز دەفەرموێت (وَلَا تَنكِحُواْ مَا نَكَحَ ءَابَآؤُكُم مِّنَ ٱلنِّسَآءِ إِلَّا مَا قَدۡ سَلَفَۚ إِنَّهُۥ كَانَ فَٰحِشَةً وَمَقۡتًا وَسَآءَ سَبِيلًا) (النساء: 22) واتە: "نەکەن ئەو ئافرەتانە مارە بکەن کە پێشتر باوکتان مارەی کردبوو، مەگەر ئەوەی کە ڕابوورد (لە سەردەمی نەفامیدا پێش حەرامکردنی) بەڕاستی ئەم کارە گوناحێکی گەورە و ناشرین و ناپەسەند و ڕێبازێکی خراپە" (بورهان حەمەدەمین، د.س: 81).

لەم بارەیەوە (ابن الحزم الاندلسي)(ت: 456ک/1064ز) دەڵێت " وَلَا يَجُوزُ لِلْوَلَدِ زَوَاجُ امْرَأَةِ أَبِيهِ، وَلَا مَنْ وَطِئَهَا بِمِلْكِ الْيَمِينِ أَبُوهُ وَحَلَّتْ لَهُ، وَلَا يَحِلُّ لَهُ وَطْؤُهَا، أَوْ التَّلَذُّذُ مِنْهَا بِزَوَاجٍ أَوْ بِمِلْكِ يَمِينٍ، وَلَهُ تَمَلُّكُهَا، إِلَّا أَنَّهَا لَا تَحِلُّ لَهُ أَصْلًا " (1984: 137/9)، واتە : ڕێگا نادرێت بە کوڕ کە ژنی باوکی بهێنێت، یان ئەو کەنیزەی کە باوکی بە خاوەنداریەتی و سەرجێی لەگەڵ کردووە و حەڵاڵ بووە بۆی، و حەڵاڵ نییە بۆی جووت بوون لەگەڵی، یان چێژ وەرگرتن لێی چ بە هاوسەرگیری یان بە خاوەنداریەتی، و دەتوانێت خاوەنداریەتی بکات، بەڵام بە هیچ شێوەیەک حەڵاڵ نابێت بۆی.

میرنیشینی ڕەوادی[4] لە هەرێمی ئازربێجان بێبەش نەبووە لەم بابەتە لە سەردەمی میر (وهسوذان بن محمد الروادي)(416-451ک/1025-1059ز) دوای ئەوەی چەندین شەڕی لەگەڵ غوزەکان[5] کرد توانی بەشێکی زۆریان لە ناوچەکە دەربکات، تەنها کۆمەڵێکیان مابوویەوە کە ئەوانیش لە خزمەکانی میر بوون، (وهسوذان) ژنێکی لە غوزەکان کردۆتە هاوسەری خۆی، ئەو کۆمەڵەیە لە ژێر گوێڕایەڵی میر دابوون (ابن الاثير، 1997: 718/7)، بەڵام کاتێک تێبینی ئەوەی کرد لە دەسەڵاتی دەرچوون، بۆیە خوانێکی گەورەی ڕێکخست و کۆمەڵێکی زۆری لە گەورە پیاوان بانگهێشتی خوانەکە کرد و لە کاتی خوانەکە کۆمەڵێکی لێ کوشتن و هەروەها 30 کەسی لە گەورە پیاوان لێ دەستگیر

کردن (ابن الاثیر، 1997: 721/7). ئەم ڕووداوە نموونەیەکی بەرچاوی گەندەڵی کۆمەڵایەتییە، کە تێیدا دەسەڵاتدار کەڵک لە بۆنەیەکی کۆمەڵایەتی (خوان) وەردەگرێت بۆ ئەنجامدانی ناپاکی و توندوتیژی بەرامبەر بەو کەسانەی کە پێشتر وەک هاوپەیمان یان میوان مامەڵەیان لەگەڵ کراوە. کردەوەیەکی لەم جۆرە نەک هەر پێشێلکارییەکی ئاشکرای بەها و نەریتە کۆمەڵایەتییە بنەڕەتییەکانە وەک میوانداری و سپاردە، بەڵکو دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی ترس و تێکدانی ئارامیی کۆمەڵایەتی و لاوازکردنی متمانە لەنێوان تاکەکان و دەسەڵاتدا .

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی سیستەمی ئیسلامی ڕێزگرتن بوو لە شاند و نێردراو، چەندین دەقی مێژووی هەیە کە باس لە مافی وەفد و نێردراو دەکات، تەنانەت لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە دەست درێژی و ئازاردانی میوان کارێکی نارەوایە، وەکو پێغەمبەری خودا (د.خ) دەفەرموێت " من كان يؤمن بالله واليوم الآخر فليكرم ضيفه " (الترمذي، 1996: 513/3 الرقم 1967) واته : ئەوەی بڕوای بە خوای و ڕۆژی دوایی هەیە با ڕێز لە میوانەکەی بگرێت. هەروەها سەبارەت بە ڕێزگرتن لە شاند (وفد) لە فەرمودەیەکی تردا دەفەرموێت " اذا اتاكم كريم قوم فاكرموه" (ابن السمناني، 1984: 1/ 100 الرقم 215؛ الزبيدي, 1987، الرقم: 1721)، واته : ئەگەر گەورەی قەومێک هات بۆلاتان بەڕێز و پێزانین پێشوازی بکەن.

کەواتە کوشتنی میوان و نێردراو لە ناو سیستەمی ئیسلامی ڕێگە پێدراو نیە ، تەنانەت لە ناو داب و نەریتی کوردەواریش میوان ڕێزی گەورەی هەیە، تەنانەت ئەگەر دوژمنیش بێت، بەڵام کە دەبێتە میوان دەبێت ڕێزی بگیرێت نەوەک بکوژرێت، نوسەرێک لە بارەی میوان لای کوردان ئاماژە بەوە دەکات "میوان لای کوردان ئازیزی خوایە، کەمیوان دێتە ژوورەوە ، لەماڵە کوردان دەبێتە جەژن، میوان جەژنی خانەخوێیە، چونکە کە میوان هات کورد دەرفەتی ئەوەی بۆ هەڵدەکەوێت، پێوەندیەکانی خۆی نوێکاتەوە" (ابراهیم لاجانی , 2014)

هەرچەندە میر (وهسوذان) بەم کارەی توانی مەترسی غوزەکان لەسەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی کەم بکاتەوە، بەڵام نەبووە هۆی لەناوچوونیان، بەڵکو دواتر مەترسییەکانیان زیاتر بوون، جگە لەوەش ناپاکی لە متمانەی غوزەکان کرد کاتێک بۆ خوانێک بەشێکی زۆریان لای میر کۆبوونەوە، ئەویش پێچەوانەی دابوو نەریتی ئیسلامی و کوردی کۆمەڵکوژی کردن.

وەکوو لە ڕووداوەکانی ساڵی (434ك/1043ز) هاتووە بومەلەرزەیەکی بەهێز لە شاری (تبریز)[6] دەدات، لە ئەنجامی ئەم ڕووداوە نزیک پەنجا هەزار کەس دەمرن، بەشێکی زۆری شارەکە وێران دەبێت، بەهۆی کاریگەری ڕووداوەکە لەسەر میر (وهسوذان) جلی ڕەش و زبر لەبەر دەکات و واز لە خواردنەوەی مەی دەهێنت ( (ناصر خسرو، 1983: 38 ؛ ابن الجوزي، 1992: 286/15 ؛ ابن الاثير، 1997: 39/8 ؛ کسروی، 1388هەتاوی: 211 ؛ النقشبندي، 2012: 126). بەمەش ڕوون دەبێتەوە کە پێش ئەم ڕووداوە مەی دەخواردەوە، ئەمەش دژی ئادابی کۆمەڵایەتییە، وەکو خوای گەورە دەفەرموێت (يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّمَا ٱلۡخَمۡرُ وَٱلۡمَيۡسِرُ وَٱلۡأَنصَابُ وَٱلۡأَزۡلَٰمُ رِجۡسٞ مِّنۡ عَمَلِ ٱلشَّيۡطَٰنِ فَٱجۡتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ) (المائدة 90). واته : "ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە دڵنیابن کە عەرەق و قومار و گۆشتی ماڵاتی سەربڕاو بۆ غەیری خوا لەو شوێنانەی کە خەڵک بە پیرۆزی داناوە نەک ئیسلام، بورج و بەخت خوێندنەوە بەهۆی هەڵدانی زارەوە، ئەمانە گوناهو هەرە پیسن لە کارو کردەوەکانی شەیتانن، کەواتە ئێوەش خۆتانی لێ دووربگرن و خۆتانی لێ بپارێزن، بۆ ئەوەی سەرفرازی و بەختەوەری بەدەست بهێنن " (بورهان حەمەدەمین، ب.س: 122).

یەکێک لەو ڕووداوانەی لەسەردەمی میر (وەسوذان) ڕوویدا، بریتیبوو لە بڵاو بوونەوەی پەتا (وباء)، ئەم پەتایە ئەوەندە خەڵکی کوشت لە هەژمار ناهێت، بارودۆخی خەڵک بە جۆرێک بوو گۆشتی سەگ و مردووەکانیان دەخوارد، وەکو (ابن الجوزي)(م: 597ك/1201ز) باسی لێوەدەکات گۆڕی مردوەکانیان هەڵدەدایەوە دەیانخواردن، برسیەتی بە جۆرێک بوو خەڵک شەو و ڕۆژ خەریکی شۆردنی مردوو بوون (1992: 17/16)، هاوکات باس لەوە دەکات هەر ماڵێک مەی تێدابووایە خەڵکەکەی دەمردن، ماڵێکیان دۆزیەوە هەژدە کەسی تێدا مردبوو، کاتیک گەڕان گۆزەیەکی گەورەی مەیان لە ماڵەکەی دۆزیەوە، باس لە پیاوێکی تر دەکات کە حەوت ڕۆژ لە سەرەمەرگ دابوو بە دەستی ئاماژەی بۆ گۆزەیەک مەی کرد لە ماڵەکەی دواتر مەییەکەیان ڕشت، پاش ماوەیەک کۆچی دوایی کرد (1992: 17/16).

ئەم ڕووداوە بەشی زۆری خاکی ڕۆژهەڵاتی دەوڵەتی ئیسلامی گرتەوە، تەنها ناوچە کوردییەکان نەبوون، بەڵام ئەوانیش لە چوارچێوەی ئەم ڕووداوە بوون، وەکوو (سبط ابن الجوزي) باسی دەکات لە ماوەی کەمتر لە ساڵێک تەنها لە شاری (سمرقند)[7] دووسەد وسی و شەش هەزار کەس مردن (2013: 14/19). سەرەڕای ئەوەی کە ژمارەی قوربانیانی ئاماژە پێکراو لەلایەن (سبط ابن الجوزي)یەوە زۆر گەورە دیارە و ڕەنگە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی وردتر هەبێت بۆ دڵنیابوونەوە لێی، بەڵام وەک دەقێکی مێژوویی ئاماژەیەکی ڕوونە بە قەبارەی ئەو کارەساتە مرۆییەی کە ڕووی داوە و کاریگەرییە بەرفراوانەکەی لەسەر دانیشتووانی ناوچەکە.

لە دەقەکانی هەردوو مێژوونوس بە دیار دەکەوێت هۆکارێکی گرنگی ڕووداوەکە بریتیبووە لە مەی، چونکە باس لەوە دەکەن هەر ماڵێک مەی تێدابوایە خەڵکەکەی هەموو دەمردن، هاوکات لەم ڕووداوە پاشا و سەربازەکان و پیرەمێرد و پیرەژنەکان ژمارەیەکی کەمیان مردن (سبط ابن الجوزي، 2013: 14/19).

ئەمەش ئەو ڕاستییە ڕووندەکاتەوە کە ئەوانەی مردوون خەڵکی گەنج و ئاسایی بوونە نەک پاشا و میرەکان، بە بۆچونی ئێمە پاشاکان و میرەکان خۆیان پاراستەوە لە خواردنەوەی مەی، دواتریش کەسانی بەتەمەن کەمتر پەیوەستن بە خواردنەوەی مەی، بۆیە دەبینین مردنەکە لەناو چینی گەنجان و خەڵکی ئاسایی بووە. بە بڕوای ئێمە دەکرێت جۆرێک لە ڤایرۆس یان کارلێکێکی کیمیایی لە ناو خودی مەییەکە بوونی هەبوو بێت، چونکە بە ووردبوونەوە لە ڕووداوەکە تیشک خستنە سەری لە لایەن هەردوو مێژوونوس، مردنی چینێکی دیاری کراو، بەم پەتایە، ئاماژە دانی زۆر بۆ مەی، ئەمانە هەمووی ئەوە بە دیار دەخات خودی مەییەکە کێشەی تێدابووە.

ئەم ڕووداوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە تێکچوونی شیرازەی کۆمەڵایەتی لە بەشی زۆری جیهانی ئیسلامی هاتبووە ئاراوە، بە جۆرێک زۆرێک لە ماڵەکان گۆزەی گەورەی مەییان لە ناو ماڵەکاندا هەبوو، کاتێکیش ئەم بەڵایەیان بەسەر داهاتووە دەستیان کردووە بە ڕشتن و لەناوبردنی مەی و دەستکردن بە خوێندنەوەی قورئان و گەڕانەوە بۆ لای خودا [8].

بەشی سێیەم: گەندەڵی کۆمەڵایەتی میرنیشینە کوردییەکانی هەرێمی چیا[9] و جەزیرە [10] :

لە بەشێک لە میرنیشینە کوردییەکان لێکترازانی خێزانی لەناو خودی بنەماڵەی فەرمانڕەوا بەدی دەکرا، بە پەرتەوازەبوونی براکان و هەڵگەڕانەوە لە یەکتری و بە گژداچوونەوەی یەکتری بۆ گەشتن بە دەسەڵات. لە بارەی برایەتیەوە پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت " لا تباغضوا ولا تحاسدوا ولا تدابروا وكونوا عباد الله إخواناً، ولا يحل لمسلم أن يهجر أخاه فوق ثلاث " (الترمزي، 1996: 491/3 الرقم:

1935) واتە: ڕق لەیەکتری هەڵمەگرن و ئیرەی بەیەکتری مەبەن و پشت لەیەکتری مەکەن، ببنە بەندەی خودا و برای یەکتری، بۆ موسڵمان دروست نیە زیاتر لە سێ ڕۆژ پەیوەندی لەگەڵ براکەی خۆی بپچڕێنێت، بەڵام کاتێک سەیری میرنیشینی حەسنەوەی[11] لە هەرێمی چیا دەکەین براکان لەبری ئەوەی پشت و پەنای یەکتری بن و یەک خێزان بن ، کەچی ئەوانە بوونە دوژمنی یەکتری و خێزنایان هەڵوەشاندەوە و لە پێناو دەستخستنی دەسەڵات پەنایان بۆ هێزە بێگانەکان برد و تاکو دواتر دەستیان سوربوو بە خوێنی یەکتری، لە حەوت برا تەنها یەکیان مایەوە ئەوانیتر هەموویان کوژران، (ابن مسكويه)(م: 421ک/1030ز) باسی شەڕ و ناکۆکی نێوان خودی بنەماڵەی حەسنەوەی دەکات بەهۆی ئیرەی بردن و حەزی دەسەڵات لە حەوت برا بە ناوەکانی (ابوالعلاء، عبدالرزاق، ابوالنجم بدر، عاصم، ابو عدنان، بەختیار، عبدالملك) تەنها (بدر بن حسنويهى) (369-405ک/979-1014ز) مایەوە ئەوانی تر هەموویان کوژران بە هاوکاری(عضد الدولة البويهي)(324-373ک/936-983ز) کە پاڵپشتی (بدر بن حسنويه)ی دەکرد (2002: 7/17-81).

ئەوەی ڕوونە لەم ڕووداوانە و ڕووداوەکانی دواتریش، لە نێو بەشێک لە میرنیشینە کوردییەکان دەسەڵات لە سەروی خێزان بووە، ئامادەبوون خێزانەکانیان لەناو بەرن، بەڵام بە هێچ شێوەیەک ئامادەی لە دەستدانی دەسەڵات نەبوونە، بۆیە دەکرێت بڵێین خێزان و بنەماڵە لە دوای دەسەڵاتەوە دەهات.

وەکوو (ابن خلدون)(م: 808ک/1046ز) ئاماژەی پێدەکات و دەڵێت: "من اخلاق البشر فيهم الظلم والعدوان بعض على بعض، فمن امتدت عينه الى متاع اخيه، فقد امتدت يده إلى أخذه، الا ان يصده وازع". (المقدمة، 2004: 254/1) واتە : لە ڕەوشتی مرۆڤ ستەم و دوژمنکاری هەیە بەرامبەر بە یەکتر، کەواتە هەرکەسێک چاوی ببڕێتە سەرەوت و سامانی براکەی ئەوا دەستیشی بۆ گرتنی درێژ دەکات، مەگەر ڕێگرێک ڕێگری لێبکات.

کەواتە ئەو سروشتە شەڕانگێزیەی کە لە میر (بدر) هەبوو، وایکرد براکانی لەناو ببات و دەسەڵات بۆخۆی قۆرغ بکات، و هیچ شتێکیش نەبوو ڕێگری لەم سروشتەی بکات کە (ابن خلدون) باسی لێوە دەکات.

توێژەرێک سەبارەت بە دەمارگیری لە نێوان بنەماڵەی فەرمانڕەوا ئاماژە بەوە دەکات کاتێک هەستی بەرژەوەندی گشتی زاڵە بەسەر بەرژەوەندی تاکە کەسی ئەوا دەبنە گروپێکی یەکگرتوو و دەوڵەت بەرەو پێش دەچێت، بەڵام کاتێک یەکێک لە بنەماڵەکە دەسەڵات وەردەگرێت و پێشبڕکێی دەستکەوتنی دەسەڵات و کۆکردنەوەی سەروەت و سامان دەکات، بنەماڵەکە پەرتەوازە دەبێت و دەمارگیری لە نێوانیان نامێنێت و بەرەو لەناو چوون دەچن (محمد الجابري، 1994: 235).

بەشێک لە میرە کوردەکان لە ڕووی ژیانی خێزانی و هەوسەرداری سەرکەوتوو نەبوون، ئەمەش لە سەردەمی چەند میرێک بە ڕوونی بەدیار دەکەوێت، زۆرجار جیاوازی کردن لە نێوان کوڕەکانیان یان هاوسەرەکانیان دەبووە هۆی سەرهەڵدانی کێشەی گەورە لە ناو میرنیشینەکەدا، کێشەی نێوان میر (بدر) و (هيلال بن بدر بن حسنوية)(405ک/1015ز) کوڕی کە بەشێک پەیوەندی بە حەزی دەسەڵات هەبوو، بەڵام بەشە زۆرەکەی پەیوەندی بە لایەنی کۆمەڵایەتی هەبوو، وەکو لە ڕووداوەکانیساڵی (400ك/1010ز) مێژوونوسان ئاماژەیان پێکردووە، کێشەی نێوان (بدر و هيلال) پەیوەندی بە خودی دایکی (هيلال)هەبووە، کاتێک میر (بدر) دەستبەرداری ئەم هاوسەرەی دەبێت و کوڕەکەشی پشتگوێ دەخات و لای دایکی گەورە دەبێت، هەروەها میر (بدر) زیاتر مەیلی بەڵای کوڕەکەی تریبوو

بەناوی (ابو عیسی)[12]، ئەمەش دەبێتە هۆی ڕق هەڵگرتنی (هیلال) لە باوکی، بۆیە لێی یاخی دەبێت و بە زەبری هێز لە دەسەڵات دووری دەخاتەوە و دەستگیری دەکات ( (ابن حمدون، 1417هـ : 386/6 ؛ ابن الاثیر، 1997: 563/7).

هەروەها لە کاتی دەستگیرکردنیشی کۆمەڵێک خەڵک پاڵپشتی (هیلال)یان کرد و هەندێکی تریش لۆمەیان کرد، بۆیە لە وتارێک هۆکاری دەستگیرکردنەکەی خستە ڕوو بەهۆی بەردەوامبوون لە کاری خراپە و زوڵم و ستەم، پاراستنی خەڵک لە زوڵم و ستەمەکانی میر (بدر) و هەروەها پاراستنی خودی میر (بدر) لە سزای خودایی بەهۆی زوڵم و ستەمەکانی، ئەمە ئەو هۆکارانە بوون کە (هیلال) خستیە ڕوو بۆ دەستگیرکردنی باوکی (ابن حمدون، 1417هـ : 386/6-387).

بە وردبوونەوە لە ڕوداوەکە دەبینین خۆشەویستی (هیلال) بۆ باوکی زیاترە لەوەی خۆشەویستی (بدر) بۆ کوڕەکەی، چونکە کاتێک باوکی دەستگیر دەکات زۆرێک لە هاوەڵەکانی ئامۆژگاری دەکەن کە باوکی بکوژێت، بەڵام ئەو ڕەتی دەکاتەوە بە باوکی دەڵێت: "أَنْتَ الْأَمِيرُ، وَأَنَا مُدَبِّرُ جَيْشِكِ" (ابن الاثیر، 1997: 564/7)، واتە : تۆ میر و منیش بەڕێوەبەری سوپاکەتم، جگە لەمەش قەڵایەک بە باوکی دەدات بە مەبەستی خواپەرستی و بەسەربردنی کۆتاییەکانی تەمەنی لەم قەڵایە (ابن الاثیر، 1997: 564/7)، لەمەش بۆمان ڕووندەبێتەوە هەرچەندە میر (بدر) هاوسەر و منداڵەکەی پشتگوێ خستبوو، بەڵام کوڕەکەی وەکو ئەو نەبوو، بەڵکو زۆر ڕێزی گرت و خۆشەویستی بۆ دەربڕێ، بەڵام وەکو پێشتر ڕوونمانکردەوە دووبارە میر (بدر) بە هاوکاری کۆمەڵێک لە نەیارانی دوێنێ و دۆستەکانی ئەمڕۆ لە (هیلال) هەڵگەڕایەوە (ابن خلدون، 1999: 691/4).

ناکۆکی و لێکترازانە خێزانیەکان لەناو میرنیشینی عەننازی[13] بە هەمان شێوەی میرنیشینەکانی تر بەرچاو دەوکەوێت، ئەوەی لەم میرنیشینە ڕوویدا زۆر زیاتر بوو لە میرنیشینەکانی تر، لە سەردەمی میر (ابو الفتح بن عناز)(381-401ک/991-1011ز) کوڕەکانی بە شێوەیەک لەسەر ناوچەکان دابەشکردبوو هیچ ناکۆکیەک بەدی نە دەکرا، بەڵام دوای مردنی خێزانەکەیان هەڵوەشایەوە و ناکۆکی گەورە کەوتە نێوان کوڕەکانی بە تایبەت نێوان (حسام الدولة ابي شوک)(401-437ک/1011-1046ز) و (مهلهل بن ابو الفتح)(437-444ک/1046-1052ز) و (سرخاب بن ابو الفتح)(م: 447ک/1055ز)، لە ئەنجامی ئەم ناکۆکیە چەندین شەڕی خوێناوی لە نێوانیان ڕوویدا و خێزانەکەیان لەبەریەک هەڵوەشایەوە، وەکو توێژەرێک باسی دەکات بەهۆی ناکۆکی نێوانیان خەڵکێکی زۆر ئاوارە و دەربەدەر بوون و ناچاربوون لە شوێنی خۆیان کۆچ بکەن، ژمارەیەکی زۆریش لە خەڵک کوژران و کە بە هەزاران کەس مەزندە دەکرێت، بارودۆخی خەڵک تێک چوو شار و گوندەکان وێران بوون، ژمارەیەکی زۆر لە ئافرەتی کورد وەکو کەنیزەک بردران، تەنانەت بووە هۆکارێک بۆ ئەوەی سەلجوقییەکان دەست بەسەر ناوچەکانیان دابگرن (حسام الدين النقشبندي، 2011:224).

کێشەی نێوان بنەماڵەی عەننازییەکان بارودۆخی خەڵکی خراپ کردبوو، سەرەتا شەڕەکانی نێوان (حسام الدولة ابي الشوک) و (مهلهل)ی برا، دواتریش شەڕەکانی نێوان (مهلهل) و (سعدي بن ابي الشوک)(444-445ک/1052-1053ز) برازای و سەرەڕای ئەوانیش هێرشە بەردەوامەکانی سەلجوقیەکان، ئەمانە هەمووی وایان کرد خەڵکێکی زۆر ئاوارە بێت و کۆچ بەرەو بەغداد بکەن، زەویەکانیان جێهێشت و ماڵەکانیان وێران بوون، بەشێک لە ئافرەتەکانیان بوونە کەنیزەک و لە لایەن سەلجوقییەکان وەکو دەستکەوتی جەنگ بردران، ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە خەڵک کوژرا، ئەمانە وایکرد بازاڕەکان چۆڵبن و خواردن و ئازوقە لە بازاڕەکان نەمێنن، لەگەڵ ئەوەش پەتایەک لەم ناوچانە

سەری هەڵدا و خەڵکێکی زۆری کوشت وەکو مێژوونوسان باسی دەکەن لە ساڵی (439ک/1047ز) پەتایەک بڵاوبوویەوە لە ناوچەکانی شارەزور و جەزیرە و موصل و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی عەننازییەکان، خەڵکێکی یەکجار زۆری کوشت و خواردن و ئازوقە لە بازاڕەکان نەما تاکو کار گەیشتە ئەوەی خەڵکەکە گۆشتی مردوو بخۆن (ابن الجوزي، 1992: 308/15 ؛ ابن الاثير، 1997: 64-65/8).

بارودۆخی کۆمەڵایەتی و گەندەڵی کۆمەڵایەتی لە میرنیشینی مەڕوانی[14] لە هەرێمی جەزیرە، جیاوازترە لە میرنیشینەکانی تر، ئەمەش بەهۆی هەبوونی سەرچاوەی پێویست لەسەر ژیانی تایبەتی میرەکان و کاربەدەستانی وڵات، بۆیە دەستگەیشتن بە زانیارییەکان دەربارەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی ئاسانترە بە بەراورد بە میرنیشینەکانی تر، مەڕوانییەکان بەهۆی دەوڵەمەندی و هەبوونی سەرچاوەی دارایی جیاواز، بەشێکی زۆری ژیانیان لە خۆشگوزەرانی بەسەر بردووە بەتایبەتی میرەکانیان، بۆیە هەوڵدەدەین سەردەمی هەر میرێک بە جیا باس بکەن و ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکان بخەینە بەرچاو و شەن و کەویان بکەین.

یەکێک لە داب و نەریتە کۆمەڵایەتیەکانی شاری (میافارقین)[15] ئەوە بوو ڕۆژانی جەژن دەچوونە دەرەوەی شار بۆ نوێژکردن و جژنەپیرۆزەکردن لە یەکتری، وەکو (الفارقي)(م: 487ک/1094ز) باسی دەکات ساڵانە لەگەڵ هاتنی جەژن خەڵکی (میافارقین) بەرەو دەرەوەی شار دەڕۆشتن بۆ ئەنجامدانی نوێژی جەژن و چەژنکردن لە یەکتری (1959: 67). دیارە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بوو لەو سەردەمە چوونە دەرەوەی شار بە مەبەستی ئەنجامدانی نوێژی جەژن و جەژنە پیرۆزە کردن لە یەکتری، دوای ئەنجامدانی ئەم کارەیان خەڵکەکە دەگەڕایەوە ناو شار، بەڵام میر (ابو علي بن مروان)(380-387ک/990-997ز) ئەمە بە هەل دەزانێت بۆ تۆڵە کردنەوە کۆمەڵکوژی ئەم خەڵکە دەکات کە بە مەبەستی ئەنجامدانی نوێژی جەژن چوونەتە دەرەوە، بەشێکی زۆریان لێ دەکوژێت و بەشێکیش ئاوارە و سەرگەردان دەبن تاکو کۆتایی تەمەنیان(الفارقي،1959: 68).

ئەم ڕووداوەش لە ئەنجامی ئەوە بوو کە میر (أبو علي) ترسی لە خەڵکی (میافارقین)هەبوو، لە هەمانکاتدا یەکێک لە برازاکانی دوای ئەوەی سەرەڕۆی لەناو بازار دەکات خەڵکەکە لە ئەسپەکەی دەیهێننە خوارە و تەمبێی دەکەن، ئەمەش وای لە میر کرد هەوڵی تۆڵە کردنەوە بدات لە خەڵکەکە (الفارقي، 1959: 66).

یەکێکی تر لە لادانە کۆمەڵایەتییەکان هاوسەرگیریکردنی میر (ابو علي بن مروان)بو لەگەڵ (ست الناس بنت سعد الدولة الحمداني)، ئەویش ئەو مارەییە زۆرە بوو کە پێشکەشی کرد، مارەیەکەی (دووسەد هەزار) درهەم بوو (الفارقي، 1959: 72)، ئەم بڕە پارەیە بۆ ئەو سەردەمە پارەیەکی خەیاڵی بوو، بۆ زانینی قەبارەی پارەکە هەر لەو سەردەمە کاتێک میر (ممهد الدولة بن مروان)(387-401ک/997-1011ز) ڕێککەوتنی لەگەڵ (عبدالبر)[16] فەرمانداری شاری (آمد) کرد، خەراجی ساڵانەی ئەم شارە بۆ میرنیشینی مەڕوانی بڕی (دووسەد هەزار) درهەم بوو (الفارقي، 1959: 80)، واتە خەراجی یەک ساڵی شارێکی وەکو مارەیی داوەتە حەمدانیەکان[17]، ئەمە جگە لەو خەرجیە زۆرەی کە لە کاتی گواستنەوەی بۆ شاری (آمد)[18] و پێشوازی خەڵک و سوپا لە کاتی ئاهەنگی هاوسەرگیری، بەڵام ئاهەنگەکە بەخۆشیی بەڕێوە نەچوو لە کاتی چوونە ژوورەوەی بۆ شاری (آمد) لە لایەن (عبدالبر) و دادەستەکەی دەکوژرێت (الفارقي، 1959: 77).

یەکێک لەو کارانەی بەشێک لە میرەکان ئەنجامیان دەدا بریتیبوو لە ئاهەنگی شەوانە و خواردنەوە و ڕابواردن و سەرگەرمبوون، هەندێک جاریش بە مەبەستی ئەم کارە سەردانی کۆشکەکانیان دەکرد لە دەرەوەی شار بۆ بەسەر بردنی کاتێکی خۆش، لە سەردەمی میر (ممهد الدولة) ڕۆژێک لەگەڵ ئامۆزاکانی و (شروة)[xix] و دارودەستەکەی دەچنە یەکێک لە کۆشکەکانی دەروەی شار بە مەبەستی ڕابواردن و کات بەسەربردن، چەند شەوێک لەم کۆشکە مانەوە و شەویان بە خواردنەوە و گوێگرتن لە گۆرانی و ڕابواردن بەسەر دەبرد، دوای سەرخۆشبوونی هەموو ئامۆزاکانی میر، یەک دوای یەک دەستبەسەر کران لە لایەن (شروة) و دواتریش میر(ممهد الدولة)ی کوشت (الفارقي، 1959: 88 ؛ ابن شداد، 1987: 3/337-338).

سەبارەت بەم ڕووداوە توێژەرێک باس لەوە دەکات (شروة) بە کوشتنی میر (ممهد الدولة) نیازی لەناو بردنی هەموو بنەماڵەی مەروانییەکانی و کۆتایی هێنان بە فەرمانڕەواییان بوو ، بۆیە سوپای بۆ شاری (اسعرد)[xx] نارد بۆ دەستگیرکردنی (نصر الدولة احمد بن مروان)(401-453ک/1011-1061ز) و لەناوبردنی (هدار الاتروشي، 2013: 119).

خورافیات و ئەستێرەناسی و خەون، بەشێکی تر بوون لە ژیانی کۆمەڵایەتی میرە کوردەکان، هەندێک جاریش ئەم بابەتانە دەکرانە بیانو بۆ دوورخستنەوەی کەسانی نزیکی خۆیان تاکو دەسەڵاتیان پارێزراو بێت، یەکێک لەو ڕووداوانەی سەردەمی میر (ممهد الدولة) ڕوویدا دوورخستنەوەی (نصر الدولة)ی برای بوو بۆ شاری (اسعرد) میر گوتی: هەر بیگەمێ دەیکوژم، کاتێک لێیان پرسی بۆ ئەوە دەکەی تاوانی چیە ؟ ئەویش لە وەڵامدا گوتی: "خەوم بینی ڕۆژ هاتە کۆشمەوە، برام ڕاست بووەوە و بردی، بێگومان پاشایەتی بەدەست دێنێت و چاوم بەرایی نادات ببینم" (الفارقي، 1959: 91).

بێگومان ئەم ڕووداوانە لە سەردەمی میرەکانی تریش دووبارە دەبنەوە، چونکە بەشێک لە میرەکان بڕوایان بەم جۆرە لە خەون و وتەی ئەستێرەناسان هەبوو، هەرچەندە خەون ڕێی تێدەچێت بێتە دی، بەڵام زیادەڕۆی کردن لە هاتنە دی خەونەکە کارێکی نابەجێیە ، لە هەمانکاتدا چەندین مەرج هەیە بۆ هاتنە دی خەون[xxi].

یەکێک لە جوانییەکانی میرنیشینە کوردییەکان بریتیبوو لە پێکەوە ژیانی ئاین و نەتەوە جیاوازەکان، لەم میرنیشینانە چەندین ئاین و نەتەوەی جیاواز بەیەکەوە دەژیان[xxii]، بەڵام گەلێک جار میرەکان و کاربەدەستانی دەوڵەت ئەم نەتەوە جیاوازانەیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکار دەهێنا و شەڕی دەسەڵاتیان پێ دەکردن، ئەمەش دەبووە هۆی دروستبوونی ڕق و قینە لەنێوان نەتەوە جیاوازەکان، لە سەردەمی کێشەکانی نێوان میر (نصر الدولة) و (شروة)ی پەردەدار، کۆمەڵێک لە خەڵکی (کورج)[xxiii] وەکو پەنابەر لای میر (ممهد الدولة) بوون و داڵدەی دابوون، بەڵام کاتێک میر دەکوژرێت دەچنە پاڵ (شروة) و شەڕی دەسەڵاتی بۆ دەکەن، کاتێک خەڵکی (میافارقین) بە پیلانەکەی (شروة) دەزانن کە دەیەوێت وولات ڕادەستی ڕۆمەکان بکات، خەڵک لێی ڕادەپەڕن، بەڵام ئەو زیرەکانە فەرمان بە گورجەکان دەکات خەڵکەکە تیرباران بکەن و بیان کوژن، ئەوانیش ڕاستەوخۆ فەرمانەکە جێبەجێ دەکەن و خەڵکێکی زۆر دەکوژن و هەندێکیش بریندار دەکەن، دواتر ڕاپەڕینەکە دادەمرکێننەوە (الفارقي، 1959: 97-98). ئەم دیاردەیە لە مێژوو بە گشتی و لە کاتی ئێستاش بەرچاو دەکەوێت، گەلێک جار بۆ کپکردنەوە دەنگی ناڕازی خەڵک هێزی بێگانە بەکاردێت، ئەمەش دەبێتە هۆی تێکچوونی شیرازەی کۆمەڵایەتی خەڵکی وڵاتەکە.

هەروەها ژیانی تایبەتی میر (نصر الدولة) جێگای تێڕامان و وردبوونەوەیە، چونکە ئەم میرە زۆر گرنگی بە ژیانی تایبەتی خۆی دەدا و خاوەنی چوار هاوسەری شەرعی بوو بە ناوەکانی (فضلونية بنت فضلون ، السيدة بنت شرف الدولة، الفريجة، بنت سنخاريب ملك السناسنة) (الفارقي، 1959: 169)، توێژەرێک پێی وایە ئامانجی میر لە پێکهێنانی ژیانی هاوسەری پتەو کردنی پەیوەندی سیاسی بووە لەگەڵ هێزەکانی دەوروبەری (فرست مرعي، 2005: 312)، بەڵام لە ڕاستیدا جگە لە پتەوکردنی پەیوەندی سیاسی حەز و ئارەزووی بەرامبەر ئافرەت زۆر بووە، ئەمەش لە گێڕانەوەکانی (الفارقي) بە ڕوونی بەدیار دەکەوێت، کاتێک باس لەوە دەکات گۆرانیبێژێک کە لە میسڕ هات بۆ لای میر و کەنیزەکێکی زۆر جوانی لەگەڵ بوو، هەرچەندە پیاوەکە منداڵێکی لە کەنیزەکەکە هەبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی میر عاشقی جوانییەکەی بوو، بە زۆر لە کابرای گۆرانی بێژی کڕی، هەرچەندە کابرا نیازی فرۆشتنی نەبوو و پێداگری کرد لەسەر نەفرۆشتنی بەڵام سودی نەبوو، میر لێی کڕی بە زیاتر لە بەهای خۆی و کردیە هاوژینی خۆی (1959: 122). کاتێکیش ئەم هاوسەرگیریە ئەنجام دەدات یەکێک لە ژنەکانی کە (فضلونية بنت فضلون) بوو، دەتۆرێت و دەچێتەوە ماڵی باوکی تاکو مردنی ناگەڕێتەوە (الفارقي، 1959: 122). دەکرێت ئەو تۆرانەی ژنەکەی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە کەنیزەکێکی وەکو هاوژینی خۆی دەستنیشان کرد، چونکە کەنیزە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە لە خوار کەسی ئازادە.

جگە لەم کەنیزەکە میر خاوەنی سێسەد و شەت کەنیزەک بوو وەکو (الفارقي) ئاماژەی پێدەکات ئەم کەنیزەکانە ساڵی یەک جار نۆرەیان بەبەر دەکەوت و میر هەموو شەوەکانی ساڵ بوکێکی تازەی هەبوو (1959: 169؛ ابن الجوزي، 1992: 70/16 ). ئەمەش یەکانگیری نابێت لەگەڵ بەهێزی کەسایەتی و ناوبانگ و دەسکەوت و کاریگەریە سیاسی و شارستانیەتیەکانی ئەم میرنیشینە.

هەروەها خاوەنی ژمارەیەکی زۆر گۆرانی بێژ بوو، کە هەندێکیانی بە پێنج هەزار دینار کڕیبوو، هەندێکیان بە چواردە هەزار دینار، ژمارەیەکی زۆر ئامێری موسیقی لە کۆشکەکەی هەبوو کە نرخەکەیان گەیشتۆتە سەد هەزار دینار، خاوەن پێنج سەد خزمەتکاری کچ و پێنج سەد خزمەتکاری کوڕ بوو ( (ابن الجوزي، 1992: 70/16 ؛ ابن الاثير 1997: 175/8).

ژمارەیەک چێشتلێنەری ڕەوانەی مصر کرد بە مەبەستی فێربوونی خواردنی ئەو شوێنە و پارەیەکی زۆری لێیان خەرجکرد (ابن الاثير، 1997: 175/8)، بە جۆرێک ژیاوە هیچ پاشا و سوڵتانێک لەو سەردەمە بەم شێوەیە نەژیاوە (الفارقي، 1959: 169).

هەر کاتێک گوێی لێدەبوو کەنیزەکێکی جوان یان گۆرانیبێژێکی باش هەیە، فەرمانی دەکرد بێکڕن و پارەیەکی زۆری بۆ خەرج دەکردن چەند هێندەی نرخی خۆی پێ دەدا (الفارقي، 1959: 169).

هەروەها شەوەکانی بە ڕابواردن و خواردنەوە و دانیشتن بە دیار گۆرانی بێژەکان و سەماکەرەکان بەسەر دەبرد تاکو بەرەبەیان بە ئاگابوو، لەگەڵ کەنیزەکەکان و خێزانەکانی، دواتریش هەموویان دەڕۆشتن تەنها ئەو کەنیزەکە دەمایەوە کە ئەو شەوە نۆرەی بووە، دواتریش نوێژی بەیانی دەکرد و دەخەوت، وەکو (الفارقي) باسی لێوە دەکات بە درێژایی دەسەڵاتی هیچ نوێژێکی بەیانیانی لە کاتی خۆی دوا نەکەوتووە (1959: 169-170).

بە وردبوونەوە لە ژیانی میر (نصر الدولة) بۆمان روون دەبێتەوە لە ژیانێکی تەواو جیاواز ژیاوە بە بەراورد بە ژێردەستەکانی و تەنانەت میر و پاشاکانی هاوسەردەمی خۆشی، بەشێکی زۆری ژیانی بۆ

خۆشگوزەرانی خۆی بووە، لە ژمارەی کەنیزەک و خزمەتکارەکانی بەدیار دەکەوێت، چەندە خەمی حەزی خۆی بووە، هەروەها پارەیەکی یەکجار زۆری بۆ کڕینی کەنیزەک و خزمەتکار و گۆرانی بێژ تەرخان کردووە، تەنها ئەو ژمارەی کە (ابن الجوزي) باسی دەکات هەزار خزمەتکاری کچ و کوڕی هەبووە هەر یەکەی لە نێوان پێنج هەزار بۆ چواردە هەزار کڕاوە (1992: 17/16)، ئەگەر ژمارەیەکی ناوەند وەرگرین نۆ هەزار بۆ هەر خزمەتکارێک ئەوا نزیکەی نۆ ملیۆن دینار تەنها لە کڕینی خزمەتکار خەرجکراوە، ئەمە جگە لە ڕابواردنی شەوانە و کڕینی ئەو هەموو کەنیزەکە کە سەرچاوەکان باسی پارەکەیان نەکردووە، ئەگەرنا ئەویش خەرجی بە ملیۆنان دینار بووە. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت سامانی گشتی چۆن بۆتە ئامرازێک بەدەستی میر بۆ تێرکردنی ئارەزووەکانی خۆی.

تەنها بۆ زانینی قەبارەی ئەو پارەیەی میر(نصر الدولة) بە هەدەری داوە بۆ ژیانی تایبەتی خۆی چەندە زۆر بووە، نمونەیەک هەیە لە سەردەمی میر، یەکێک لە بازرگانەکان کاری کڕین و فرۆشتن دەکات، لە یەکێک لە ڕۆژەکان لە ئەنجامی مامەڵەیەک بڕی پێنج سەد دینار قازانج دەکات، ئەو هەواڵە دەگاتەوە میر و ئەویش بەدوای دەنێرێت، پێی دەڵێت: تەنها بۆ ئەوە ناردم بە دوات تاکو دڵنیابم کە لە وڵاتی من کەسێک هەیە لە ڕۆژێک پێنج سەد دینار قازانج بکات (الفارقي، 1959: 167).

بە تێڕوانین لەم ڕووداوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەم بڕە پارەیە لەو سەردەمە بڕێکی زۆر بووە، چونکە ئەگەر بابەتێکی ئاسایی بووایە ئەوها بە خێرایی دەنگدانەوەی دروست نەدەکرد و هەواڵەکە نە دەگەیشتەوە میر ، ئەگەر بەراوردی بەکەین بە سەردەمی ئێستا دەبێت لە ڕۆژێک کەسێک چەندە قازانج بکات تاکو هەواڵەکە بە هەموو وڵات بڵاو ببێتەوەو بگاتە بەر گوێی سەرۆکی وڵات، بێگومان دەبێت ڕێژەیەکی گەلێک زۆر بێت تاکو ئەمە ڕووبدات، ئەمە لە کاتێکدابوو کە خودی خۆی بە ملیۆنان دینار تەنها لە کڕینی کەنیزەک و گۆرانیبێژ و خزمەتکار خەرج دەکرد .

لە یەکێک لە ڕووداوەکان لە ئەنجامی تۆمەتبارکردنی یەکێک لە دەوڵەمەندەکانی سەردەمی میر(نصر الدولة) بەناوی (الشيخ ابابكر بن جري) کە هاوڕێی فەرمانڕەوایی (السناسنة)[xxiv]بوو، بۆیە دەستی بەسەر ماڵەکەی داگرت و بڕی چوارسەد هەزار دیناری لە ماڵەکەی دابوو، تەنها هەندێک کوتاڵ و کەل و پەلی بۆ میراتگرانی بەجێهێشت و ئەوەی تری هەمووی دەست بەسەر داگرت (الفارقي، 1959: 168). هەرچەندە لە درێژەی ئەم ڕووداوە (الفارقي) ئاماژە بەوە دەکات کە جگە لەم کەسەی کەناومان هێنا هیچ کەسێکی تر لە سەردەمی میر (نصر الدولة) دەست بەسەر ماڵ و موڵکی دانەگیرا.

دوای مردنی میر (نصر الدولة) لە ساڵی (453ک/1061ز) خێزانێکی گەورەی لەدوای خۆی جێهێشت کە نزیکەی وەکو سەرچاوەکان باسی دەکەن بیست و نۆ یان چل و نۆ کوڕ و سێ کچ بوون، بێگومان خێزان بەم گەورەییە بێ کێشە نابێت، بەڵام تاکو خۆی لە ژیان مابوو، هیچ کێشەیەک لە سەرچاوەکان ئاماژەی پێنەکراوە لە نێوان کوڕەکانی (قيس عبد اسماعيل، 2021: 446).

بەڵام دوای مردنی کاتێک (نظام الدين) کوڕی دێتە سەر دەسەڵات برایەکی خۆی بەناوی (سعدي بن احمد بن مروان) لە ڕێگەی کەنیزەکێکەوە دەکوژێت و سێ برای تری بەناوەکانی (حسن و فضلون و مامک) وەکو بارمتە دایە سەلجوقیەکان کە دوانیان کوژران و یەکیان بەبرینداری ڕزگاری بوو (الفارقي، 1959: 191)،ئەمەش دەرخەری ئەوەیە میر (نظام الدين) نەیتوانی پارێزگاری لە ئەندامانی خێزانەکەی بکات وەکو میر (نصر الدولة)ی باوکی ، بەڵکو بەشێک لە خێزانەکەی کردە قوربانی پێگە و دەسەڵاتی خۆی .

وەکوو پێشتریش ئاماژەمان پێدا بەشێک لە میرەکان باوەڕیان بە ئەستێرەناسەکان هەبوو، ئەم کارە لە سەردەمی چەند میرێک دووبارە بوویەوە، لە سەردەمی میر (ناصر الدولة منصور بن نظام الدين)(472-486ک/1080-1090ز) کاتێک باوکی کۆچی دوایی دەکات ئەستێرە ناسێک بەناوی (ابن عيسون) کە یەکێک لە گەورە ئەستێرەناسەکانی بەغداد بوو، کاتێک بەختی بۆ میر (ناصر الدولة) گرتووە پێی گوت : "تاکو سێ ڕۆژان لەسەر تەخت دامەنیشە، بۆیە باوکیان شوشت وکفنیان کردو لەناو تابوت دایان نا تاکو سێ ڕۆژ مشک چاوەکانی دەرهێنابوو، دوای ئەوە شاردیانەوەو خۆی لەسەر تەخت دانیشت" (الفارقي، 1959: 201).

لەم ڕووداوانە بۆمان بەدیار دەکەوێت میرەکان چەندە پەیوەستبوونە بە ووتەی ئەستێرەناسان و بڕوایان بە ئەفسانەکان هەبووە، لەسەر بنەمای وتەیەک ئامادە نەبوو باوکی بنێژێت، بۆ ماوەی سێ ڕۆژان تەرمەکەی هێشتەوە، ئەمەش ئەو ڕاستیە بەدیار دەخات دەسەڵات لای بەشێکیان لە باوک و برا و خێزان گەورەتر بووە، بۆیە زۆرینەی کات لە بری پاراستنی خێزانەکانیان، پەنایان بۆ پاراستنی دەسەڵاتیان بردووە و خێزانەکانیان کردۆتە قوربانی.

گەندەڵیە کۆمەڵایەتییەکان لە میرنیشینی هەزبانیش[xxv] بوونی هەبوو، بەڵام بەهۆی کەمی زانیاری پێویست دەربارەی ژیانی کۆمەڵایەتی میرەکان، کەمتر ڕووداوەکان لە سەرچاوە مێژووییەکان بەرچاو دەکەون، لە سەردەمی میر (شرف الدين عيسى بن موسى الهذباني)(437ک/1046ز) ناکۆکیەکی خێزانی لە نێوان خودی بنەماڵەکەی ڕویدا، ئەویش ڕۆشتنی یەکێک لە براکانی بوو بەناوی (سالار بن موسى)(437-438ک/1046-1047ز) خۆی گەیاندە لای عوقیلیەکان[xxvi] هەوڵدانی دوولە برازاکانی بوو بۆ کوشتنی (ابي الهجاء، 1993: 99).

وەکو لە ڕووداوەکانی پێشوتریش ئاماژەمان پێدا، ڕاوکردن زۆر جار دەبووە ڕێگایەک بۆ لەناوبردن و تۆڵە کردنەوە، زۆرێک لە میرەکان حەزی ڕاوکردنیان هەبووە بۆ کات بەسەربردن، هەندێک جاریش ئەم ڕاوکردنەوە دەبووە مەیدانی تۆڵەکردنەوە، وەکو لە سەردەمی میر (المرزبان)ی شدادی ئاماژەمان پێکرد کاتێک لە ڕاوکردن لە لایەن براکەی کوژرا، بە هەمان شێوە لە میرنیشینی هەزبانی میر (شرف الدين) کاتێک دەچێتە ڕاو لە لایەن دوو لە برازاکانی بە خشت دەکوژرێت و دواتر دەست بەسەر شاری هەولێر دادەگرن (ابي الهيجاء، 1993: 99).

هەندێک جار بەڵێن و پەیمان شکاندن لە لایەن هەندێک لە میرە کوردەکان بەدی دەکرا ئەمەش لەوکاتە ڕوویدەدا کە بەرژەوەندیەکانیان کەوتۆتە مەترسی، بۆیە بەڵێن و پەیمانەکانیان شکاندووە، ئەمە لە سەردەمی چەند میرێک دووبارە بۆتەوە، بۆ نمونە کاتێک میر (نصر الدولة)ی مروانی بەرەو شاری (آمد) دەچێت بۆ ئەوەی شارەکەی ڕادەست بکەن، لە ڕێگادا یەکێک لە خزمەتکارەکانی (ابو طاهر ابن دمينة) دەبینێت کە (مرتج) ی زاوای (ابن دمينة) کوشتوە، هۆکارەکەشی ئەوە بوو (مرتج) پێشتر (ابن دمينة)ی کوشتووە، بۆیە خزمەتکارەکەی تۆڵەی دەکاتەوە و (مرتج) دەکوژێت (الفارقي، 1959: 125)، بەم هۆیەشەوە ڕادەکات لە ڕیگا دەگەتە میر (نصر الدولة) ئەویش بەڵێنی پێدەدات بیپارێزێت، بەڵام کاتێک دەگاتە دەروازەی شار کوڕەکانی (مرتج) دەرگایان بەڕوویدا داخست و داوایان کرد بکوژی باوکیان ڕادەست بکات ئەگەرنا دەرگاکان ناکەنەوە، هەرچەندە میر نیازی نەبوو ڕادەستیان بکات، بەڵام وەزیر(الخواجا ابوالقاسم)(م: 410ك/1020ز) پێی دەڵێت" ما تباع آمد بفراش" (الفارقي، 1959: 125)، واتە : شاری ئامەد بە خزمەتکارێک دەفرۆشیەوە، بۆیە ڕادەستیان دەکات و ئەوانیش خزمەتکارەکە دەکوژن. ڕووداوێکی هاوشێوە لە سەردەمی میر (ابو الهجاء بن ابو علي

الهذباني)(456-519ک/1064-1125ز) ڕوودەدات، لە ساڵی(500ک/1017ز) کاتێک بە هاوکاری سوپای (جکرمش)[xxvii] ڕووبەڕووی سوپای سەلجوقیەکان دەبنەوە، سەرکردەی سوپاکە بەناو (جاولي سقاووا)[xxviii] دەتوانی بەسەریان سەرکەوێت و (جکرمش) و کوڕانی میر (ابو الهجاء) بە دیلی دەکەونە دەست سەلجوقیەکان (ابن الاثير، 1997: 535/8).

لەم سەروبەندە یەکێک لە سەرکردەی سوپای (جکرمش) بەناوی (ابو طالب بن کسرات) هانا بۆ میر دێنێت و دێتە هەولێر ئەویش داڵدەی دەدات و لەژێر سایەی خۆی دەیهێڵێتەوە، بەڵام کاتێک (جاولي سقاووا) داوای رادەستکردنی ئەم کەسە دەکات لە بەرامبەر ئازادکردنی کوڕانی میر، بێ دوودڵی میر ئەو کەسایەتییە ڕادەستی سەلجوقیەکان دەکات ئەوانیش دەیکوژن و کوڕانی میریش ئازاد دەبن (ابن الاثير، 1997: 537). لەم ڕووداوە توێژەرێک باس لەوە دەکات میر (ابو الهجاء) بەزیرەکی و لێهاتووی خۆی توانی کوڕەکانی ئازاد بکات و دەسەڵاتەکەشی بپارێزێت (ئاکۆ بورهان، 2018: 223)، بەڵام خوای گەورە لە قورئانی پیرۆز فەرمان بە موسڵمانان دەکات و دەفەرموێت (يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَوۡفُواْ بِٱلۡعُقُودِۚ) (المائدة :1) واتە : " ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە بە ئەمەک و وەفا بن بەرامبەر بە بەڵێنەکانتان" (بورهان حەمەدەمین، ب.س: 106)، لەم ڕووداوەی میر (ابو الهجاء) چەندە ئەمەک بەدی دەکرێت بەرامبەر بەڵێنەکەی ؟ بێگومان بەرژەوەندی خۆی پێش بەڵێنەکەی خستووە و ژیانی منداڵەکانی پێش بەڵێن و ئەمەکداری خستووە. کە ئەمە هەم دوورە لە ئادابی ئاینی و هەم لە ئادابی کوردەواری جێگای نابێتەوە.

**ئەنجام :**

بە وردبوونەوەو لێکۆلینەوە لە سەرچاوە مێژووییەکان سەبارەت بە گەندەڵی کۆمەڵایەتی لە ناو میرنیشینە کوردییەکان گەیشتینە چەند ئەنجامێک کە بە خاڵ دەیان خەینە ڕوو.

1- بەشێک لە میرە کوردییەکان لە ڕووی پاراستنی خێزان لاواز بوون و زۆر جار بۆ پاراستنی دەسەڵاتی خۆیان برا و کەس و کاری خۆیان کردۆتە قوربانی ئەمەش لە سەردەمی چەندین میر بەدیار دەکەوێت.

2- هەندێک لە میرەکان خاوەن بەڵین و پەیمان نەبوونە و ئەمەکدار نەبوونە بە بەڵێنەکانیان، چەند ڕووداوێک لەم بارەیەوە هەیە بۆ پاراستنی خۆیان ئەو کەسانەی بەڵێنی پاراستنیان پێدابوون ڕادەستی دوژمنەکانیان کرد و کوژران.

3- یەکێک لەو دیاردە گەندەڵییە کۆمەڵایەتییانەی بەربڵاو بوو لای میرەکان بڕوابوون بوو بە ئەفسانە و ئەستێرە ناسی و خەون، لەسەر بنەمای ئەو ئەفسانانە چەندین بڕیاری گرنگیان داوە.

4- ڕاوکردن یەکێکی تر بوو لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، بەڵام زۆر جار لەبری ڕاوکردنی ئاژەڵ، دەبووە مەیدانی ڕاوکردنی نەیارانیان، ئەمەش لە سەردەمی چەند میرێک ڕوویدا.

5- ڕابواردن و خۆشگوزەرانی و گەشت و سەیران دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی باو بوو، بەڵام گەلێک جار زیادەڕۆی تێدا دەکرا، بە تایبەتی بۆ کڕینی کەنیزەک و گۆرانیبێژ و خزمەتکار، بە ملیۆنان دینار لەو سەردەمە خەرج کرا .

6- ئاهەنگی شەوانە و سەما و خواردنەوەی مەی و سەرخۆش بوون یەکێکی تر بوو لەو لادانە کۆمەڵایەتییانەی لەناو چینی دەسەڵاتدار بەدی دەکراوە.

7- جیاوازی کردنی دایکان و باوکان لە نێوان منداڵاکەنیان زۆرجار سەری دەکێشا بۆ کوشتن و دروستبوونی کێشەی گەورە لەناو میرنیشینەکان.

## پەراوێزەکان

[1] ناوی هەرێمێکی فراوانە خاوەنی شاری زۆرە بە شێکە لە هەرێمی ئەرمینا لەگەڵ سیسجان یەکدەگرێ و دەکەوێتە باکوری هەرێمی ئازربێجان ، هەرێمێکی کوردنیشین بووە و ژمارەیەکی زۆری کوردی تێدا نیشتەجێ بووە (یاقوت الحموي، 1995: 136/1 ؛ زرار صديق، 2020: 43).

[2] (ابن حوقل) هەریەکە لە هەرێمەکانی (اران، ارمينيا، اذربيجان) بە یەک هەرێم دادەنێت، جونکە دەڵێت: کە بینویمە و خوێندومەتەوە هەر یەک کەس فەرمانڕەوای ئەم ناوچانەی کردووە (ابن حوقل، 1938: 331/2).

[3] ئەم میرنیشینە لە ساڵی (340ك/595ز) لە سەردەستی (محمد بن شداد) لە هەرێمی ئاران دامەزرا، بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێوە بۆ : (اسماعيل شكر، 2001: 69) .

[4] ئەم میرنیشینە لە ساڵی (343ک/954ز) لەسەر دەستی (محمد بن الرواد) لە هەرێمی ئازربێجان دامەزرا . بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێوە بۆ : (حسام الدين النقشبندي ، اذربيجان، 2013: 99).

[5] غوزەکان کۆمەڵە هۆزیکی تورک بوون لە ئاسیای ناوەڕاست بەرەو ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی جیهانی ئیسلامی هاتن و دواتریش دەوڵەتی سەلجوقیان دامەزران لە عێراق لە ساڵی (447ك/1056ز) بە سەرکردایەتی (تغرلبك) یەکەمین سوڵتانی سەلجوقی، بۆ زانیاری زیاتر لەسەر غوزەکان و دەوڵەتی سەلجوقی بگەڕێوە بۆ (عبدالنعيم محمد حسنين، 1975: 17).

[6] شارێکی بەهێز و خاوەن شورایەکی پتەوە ناوندی هەرێمی ئازربێجانە ،خاوەنی کۆمەڵێک ڕووبار و باخ و باخاتە (القزويني، 1960: 339).

[7] (سەمەرقەند) یەکێک بوو لە شارە گرنگەکانی (بلاد ما وراء النهر)، بە قەڵا و جەنگاوەرە ئازاکانی ناسرابوو و وەک سنووری بەرەنگاربوونەوەی تورکەکان دادەنرا. چەندین جار داگیرکراوە و هەڵگەڕاوەتەوە. لە سەردەمی (قتيبة بن مسلم الباهلي) و خەلیفە (الوليد بن عبدالملك) فەتحکرا. شورایەکی گەورەی هەبوو کە لە سەردەمی (هارون الرشيد) (١٧٠-١٩٣ک/٧٨٦-٨٠٩ز) نۆژەنکرایەوە. ڕووبارێکی گەورەی بەناوی "باسف" (یان "صغد") پێدا تێدەپەڕی کە لە وڵاتی تورکەکانەوە سەرچاوەی دەگرت و بەرەو (سغد) و (اسروشنة) دەڕۆیشت. (بڕوانە: اليعقوبي، ١٤٢٢هـ: ١٢٤). (سەمەرقەند)ی ئێستا دەکەوێتە ئۆزبەکستان.

[8] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر وردەکاری ئەم ڕووداوە بگەڕێوە بۆ ( ابن الجوزي، 1992: 16/17-18 ؛ سبط ابن الجوزي، 2013: 19/14-15)

[9] سەبارەت بە هەرێمی چیا، سنورەکەی لە لایەن جوگرافیناسان، ڕوون نیە هەر یەکەو چەند ناوچەیەک لەگەڵ ئەو هەرێمە دادەنێن، بەڵام توێژەر (زرار صديق) باس لەوە دەکات هەرێمی چیا ئەو هەرێمە بوو کە لە وڵاتی دەیلەم هەرێمی ئازربێجانەوە شۆڕدەبووەوە تا سنوری هەرێمی خۆزستان، لە ڕۆژهەڵاتەوە هاوسنوری وڵاتی فارس و ئەسفەهان و بیابانی خۆراسان بوو، لە ڕۆژئاواش هاوسنوری عێراق و جەزیرە بوو (2020: 38).

[10] ئەم هەرێمە ئەو ناوچانانە دەگرنەوە کە دەکەونە نێوان ڕووباری دیجلە و فورات ئەم دووڕووبارە دەبنە سنوری سورشتی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای هەرێمەکە کورد پێکهاتەی ڕەسەنی ئەم هەرێمەیە (زرار صديق، 2020: 40-41).

[11] ئەم میرنیشینە لەسەر دەستی میر (حسنوية بن حسين) لە هەرێمی چیا لە ساڵی (348ک/959ز) دامەزرا، بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێوە بۆ : (فرست مرعي، 2005: 125).

[12] تەنها بەم شێوەیە ناوی هاتووە لە (الكامل في التاريخ) (ابن الاثير، 1997: 563/7)جگە لەمە لە هیچ شوێنێکی تر زانیاری زیاتر لە بارەی ئەو کورەی میر (بدر) نیە (حسام الدين النقشبندي،الكرد في لرستان، 2011: 184) .

[13] ئەم میرنیشینە لە سەردەستی ( ابو الفتح بن ابي الشوك العنازي) لە ساڵی 381ک/991ز) لە هەرێمی چیا دامەزرا، بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم میرنیشینە بگەڕێوە بۆ : (حسام الدين النقشبندي ، الكرد في لرستان، 2011: 205-230).

[14] ئەم میرنیشینە لەسەر دەستی (باد بن دوستك) لە ساڵی (373ک/983ز) لە هەرێمی جەزیرە دامەزرا، بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێوە بۆ (محمود ياسن التكريتي، 1970: 56).

[15] میافارقین ، شارێکە کە بە دیوارێک دەورە دراوە دەکەوێتە نێوان سنوری ئەرمینیا و دورگەی ڕۆم (مؤلف مجهول، 1423هـ، : 166) ، ئەو شارە بیست وهەشت فەرسەخ(هەر فەرسەخێک 3 میلە) لە شاری خەلات دوورە و هەروەها لە شاری بەلخ بۆ میافارقین پێنج سەد و پەنجا دوو فەرسەخە (ناصر خسرو، 1983: 41).

[16] عبدالبر ، لە سەرچاوەکان ناوی بە شێخ عبدالبر هاتووە ، گەورە پیاو خاوەنی شاری ئامەد بووە ، لە گەڵ (شروة) دەستی تێکەڵکرد بۆ کوشتنی میر ابو علی ، دواتر خۆشی لەسەر دەستی زاواکەی بەناوی (ابوطاهر بن دمنة) دەکوژرێت لە ساڵی (387ک/997ز) (ابن تغري، د.س: 261/4).

[17] میرنیشینێکی عەرەبی شیعە مەزهەب بوون لە ساڵی (358ک/969ز) لە موصل دامەزرا لە لایەن ( ابو محمد الحسن بن ابي الهجاء) ناسراو بە (ناصر الدولة) ، بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێوە بۆ : (فيصل السامر، 1970: 234/1).

[18] (امد) یەکێک لە گەورەترین شارەکانی دیاربەکرە ، شارێکی جوان و دڵڕفێنە ، خاوەن شورایەکی گەورەیەو دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری دیجلە (الاصطخري، 2004: 75).

[xix] شروة ، پەردەداری میر ابو علي بوو ، پلانی کوشتنی دارشت و دواتریش بووە پەردەداری میر ابومنصور ، کاتێک ئەویش دەکوژێت لە لایەن میر (نصر الدولة)ی مروانی دەکوژرێت ، بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێوە بۆ (سبط ابن الجوزي، 2013: 205/18 ؛ عبدالرقيب يوسف، 1972: 131/1).

[xx] سعرد یان اسعرت یان سعرد ، ناوچەیەکە دەکەوێتە ئەرمینیا لە نزیک سەرچاوەی ڕووباری بەدلیس (لسترينج، 1954: 145)

[xxi] بۆ ئاشنا بوون بە مەرجەکانی هاتنە دی خەون و جیاوازی نێوان (الحلم والرؤيا) بگەڕێوە بۆ کتێبی ( الرؤيا والحلم في ضوء الكتاب والسنة) (ابن الحجر العسقلاني، د.س: 14) .

[xxii] بۆ پتر زانین دەربارەی ئاین و نەتەوە جیاوازەکان لەناو میرنیشینە کوردییەکان بگەڕێوە بۆ کتێبی (الحياة الاجتماعية للكورد بين القرنين (4-9هـ10-15م))، (فائزة محمد عزت، 2009: 15)

[xxiii]گورج یان (الكرج) کە لە سەرچاوە مێژوویەکان ناویان هاتووە بە هۆزێکی مەسیحی لە شاری (اني) نیشتە جێبوون ، (ابن الاثير 1997، 288/9 ؛ ابن خلدون ، تاريخ ابن خلدون 1999، 94/5) ، بەڵام لە توێژینەوە کوردییەکان ناویان بە (جورزیەکان) هاتووە (زرار صديق، 2020: 169)، جورزەکان(الجرز) زیاتر لە ناوچەکانی هیندستان هەبوون (السرافي، 1999: 34) ، بۆیە ناکرێت ئەوانە لە نزیك شەدادیەکان بن ، بەڵام ئەوی ڕاستە (الكرج) واتە کورج کە لە سەرچاوە ئیسلامیەکان بەم شێوەیە ناویان هاتووە ، ئەوانە هاوسنور بوونە لەگەڵ شەدادیەکان ، هەروەها بە (الخزرية) ناویان هاتووە (ابن الفقيه، 1996: 586 ؛ منجم باشي، 1994: 13).

xxiv هۆزێکی ئەرمەن بوون لە ناوچەکانی ئازربێجان، خاوەنی کۆشک و قەڵای بەهێزبوون لە نزیک شاری خەلات، لەگەڵ فەرمانڕەوای خەلات ئاشتەواییان هەبوو (ابن الاثير، 1997: 777/7).

xxvمیرنیشینی هەزبانی یەکێکە لە میرنیشینە کوردییەکان و لە ساڵی (387ک/997ز) لە لایەن میر (ابوالهجاء موصک بن جکویه) لە هەولێر دامەزرا ، بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی میرنیشینەکە بگەڕێوە بۆ (ابن الاثیر، 1997: 494/7 ؛ احمد عبدالعزيز محمود، 2006: 62) .

xxvi میرنیشینێکی عەرەب بوون لە ساڵی (380-489ک/990-1096) لە ناوچەکانی موصل و دەوروبەری فەرمانڕەوایەتیان کردووە ، هاوسەردەم و هاو سنوری چەند میرنیشینێکی کوردی بوونە ، بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێوە بۆ (خاشع المعاضيري، 1968: 27).

xxvii یەکێک لە مەمالیکە تورکەکان بوو، سەرکردەی سوپای سەلجوقیەکان بوو، دواتریش بووە خاوەنی ئازربیجان و لە ساڵی (541ك/1148ز) کۆچی دوایی دەکات (سبط ابن الجوزي، 2013: 278/5).

xxviii لە زۆربەی سەرچاوەکان ناوی یان بە (شمس الدولة جكرمش يان شمس الدين جكرمش) هاتووە، یەکێک بووە لە مەمالیکەکانی (ملك شاه)ی سەلجوقی، بۆ ماوەیەک فەرمانڕەوای جەزیرە بوو ، دواتریش بووە والی موصل لە ساڵی (500ك/1017) دەکوژرێت . بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێوە بۆ : (ابن واصل، 1957: 28/1).

**لیستی سەرچاوەکان :**

سەرچاوە ڕەسەنەکان :

القرآن الكريم


1. **ابن الاثير**، عزالدين بن علي بن محمد الجزري (ت: 630هـ/1233م) .(1997) .*الكامل في التاريخ* .(تحقيق: عمر عبدالسلام تدمري). بيروت: دار الكتاب العربي.
2. **ابن الجوزي**، ابوالفرج عبدالرحمن بن علي بن محمد الجوزي (ت:597هـ/1201م) . .(1992)*المنتظم في تاريخ الملوك والامم* .(تحقيق: محمد عبدالقادر عطا و مصطفى عبدالقادر عطا). بيروت: دار الكتب العلمية.
3. **ابن الحجر العسقلاني**، احمد بن علي بن محمد الكناني (ت:852هـ/1449م). (ب.س.) .*الرؤيا والحلم في ضوء الكتاب والسنة* .القاهرة: مكتبة التراث الاسلامي.
4. **ابن حزم الاندلسي**، علي بن احمد بن سعيد بن حزم الظاهري(ت: 456هـ/1064م) . .(1984)*المحلي بالآثار* .(تحقيق: عبدالغفار سليمان البنداري). بيروت: دار الفكر.
5. **ابن حمدون**، ابوالمعالي محمد بن الحسن بن حمدون (ت: 562هـ/1157م). (1417هـ) .*التذكرة الحمدونية* .بيروت: دار صادر.
6. **ابن حوقل**، ابوالقاسم محمد بن حوقل النصيبي (ت: 367هـ/977م) .(1938) .*صورة الارض*. بيروت: دار صادر.

7. **ابن خلدون**، عبدالرحمن بن محمد بن خلدون الحضرمي (ت: 808هـ/1406م).
   - .(1999)*العبر، وديوان المبتدا والخبر في ايام العرب والعجم والبربر، ومن عاصرهم من ذوي السلطان الاكبر* .بيروت: دار الكتاب اللبناني.
   - .(2004)*المقدمة* .(تحقيق: عبدالله الدرويش). دمشق: دار يعرب.
8. **ابن السمناني**، عبدالكريم بن محمد بن عبدالكريم (ت: 736هـ/1336م) .(1984) .*روضة القضاة وطرق النجاه* .(تحقيق: صلاح الدين ناهي). بيروت: مؤسسة الرسالة.
9. **ابن شداد**، بهاء الدين يوسف بن رافع بن تميم الاسدي (ت: 632هـ/1234م) . .(1978)*الاعلاق الخطيرة في ذكر امراء الشام والجزيرة* .(تحقيق: يحيى عبارة). دمشق: وزارة الثقافة والارشاد القومي.
10. **ابن الفقيه**، ابو عبدالله احمد بن محمد بن اسحاق الهمذاني (ت: 365 هـ/977م) . .(1996)*البلدان* .(تحقيق: يوسف الهادي). بيروت: العالم الكتب.
11. **ابن مسكويه**، ابو علي احمد بن محمد بن يعقوب مسكويه الرازي (ت: 421هـ/1030م) .(2002) .*تجارب الامم وتعاقب الهمم* .(تحقيق: ابوالقاسم امامي). تهران: دار سروش.
12. **ابن واصل**، جمال الدين ابو عبدالله محمد بن سالم (ت: 697هـ/1298م) . .(1957)*مفرج الكروب في اخبار بني ايوب* .(تحقيق: جمال الدين الشيال). القاهرة: دار الكتب والوثائق القومية.
13. **الاصطخري**، ابو اسحاق ابراهيم بن محمد الفارسي (ت: 346هـ/957م) . .(2004)*المسالك والممالك* .بيروت: دار صادر.
14. **الترمذي**، ابو عيسى محمد بن عيسى بن سورة السلمي (ت:279هـ/892م) . .(1996)*سنن الترمزي* .(تحقيق: بشار عواد معروف). بيروت: دار الغرب الاسلامي.
15. **سبط الجوزي** (يوسف بن قزاوغلي بن عبدالله التركي البغدادي) (ت: 654هـ/1256م). .(2013)*مرآة الزمان في التواريخ الاعيان* .(تحقيق: محمد انس الخن). دمشق: دار الرسالة العالمية.
16. **السيرافي**، ابو زيد حسن بن يزيد (ت: 330هـ/942م) .(1999) .*رحلة السيرافي* . ابوظبي: المجمع الثقافي.

17. **الطرطوشي**، ابوبكر محمد بن الوليد بن خلف (ت: 520هـ/1126م) .(1872) .*سراج الملوك* .مصر: من اوائل المطبوعات العربية.
18. **الفارقي**، احمد بن يوسف بن علي بن الازرق (ت: 510هـ/1165م) .(1959) .*تاريخ الفارقي* .(تحقيق: بدوي عبداللطيف عوض). القاهرة: المطابع الاميرية.
19. **القزويني، زكريا** (ابو يحيى زكريا بن محمد بن محمود) (ت: 682هـ/1283م) .(1960)*آثار البلاد وخبار العباد* .بيروت: دار صادر.
20. **مؤلف مجهول**1423) .هـ .(*حدود العالم من المشرق الى المغرب* .(تحقيق: يوسف الهادي). القاهرة: دار الثقافة للنشر.
21. **منجم باشي**، احمد بن لطف الله المنشيء (ت: 1113هـ/1702م) .(1994) .*جامع الدول* .لندن: رياض الريس.
22. **ناصر خسرو**، ابو معين ناصر بن خسرو بن حارث القبادياني (ت: 481هـ/1088م) .(1983)*سفر نامة* .(تحقيق: يحيى الخشاب). بيروت: دار الكتاب الجديد.
23. **ابي الهجاء**، عزالدين محمد بن الهجاء الهذبانه الاربيلي (ت: 700هـ/1301م) .(1993)*تاريخ الهجاء* .(تحقيق: صبحي عبدالمنعم محمد). (ب.ش.): رياض الصالحين.
24. **ياقوت الحموي**، شهاب الدين ابو عبدالله ياقوت بن عبدالله الحموي الرومي (ت: 626هـ/1229م) .(1995) .*معجم البلدان* .بيروت: دار صادر.
25. **اليعقوبي**، احمد بن يعقوب اسحاق بن جعفر بن وهب بن واضح (ت: 284هـ/897م). (1422هـ) .*البلدان لليعقوبي* .بيروت: دار الكتب العلمية.

**دووەم: ژێدەرەکان:**

1. **محمد، ئاكۆ بورهان** .(2018) .*میرنیشینە کوردیەکانی سەردەمی عەباسی* .هەولێر: چوارچرا.
2. **الاتروشي**، سليم صالح هدار .(2013) .*الكرد في الكتاب الاعلاق الخطيرة ل شداد* .اربيل: مطبعة الحاج هاشم.
3. **اسماعيل**، فرست مرعي .(2005) .*الامارات الكردية في العصر العباسي الثاني (350-511هـ/960-1117م)* .اربيل: وزارة التربية.
4. **بورهان حەمەدەمین**) .ب.س .(*تەفسیری ئاسان* .(ب.ش.): (ب.ب.).

5. **الجابري**، عابد محمد .(1994) .*فكر خلدون العصبية والدولة* .بيروت: مركز دراسات الوحدة العربية.

6. **قادر، حامد** .(2012) .*گەندەڵی، هۆکار، کاریگەری، بەرەنگار بوونەوە* .سلێمانی: ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران.

7. **حسنين**، عبدالنعيم محمد .(1975) .*دولة السلاجقة* .القاهرة: مكتبة الانجلو المصرية.

8. **الدخيل**، سعيد بن فائز .(2001) .*نظرية الفساد في فقه الاسلامي* .(تحرير: محمد رواس قلعه جي). بيروت: دار النفيس.

9. **الزبيدي** .(1987) .*تخريج احاديث احياء علوم الدين* .الرياض: دار العاصمة للنشر.

10. **السامر**، فيصل .(1970) .*الدولة الحمدانية في الموصل وحلب* .بغداد: مطبعة الايمان.

11. **شكر**، اسماعيل .(2001) .*الامارة الشدادية الكردية في بلاد اران* .اربيل: مؤسسة موكرياني.

12. **صديق**، زرار .(2020) .*کورد و کوردستان لە ڕۆژگاری خەلافەتی ئیسلامی (16-656ک/637-1258ز)* .سلێمانی: خانەی موکریانی.

13. **صديق**، توفيق زرار .(2020) .*کورد و کوردستان لە ڕۆژگاری خەلافەتی ئیسلامی (16-656ك/637-1258ز)* .تاران: ماد.

14. **عبدو**، محمد جمعة .(2018) .*فساد، اسبابه، ظواهره، اثاره* .بنغازي: دار الكتب الوطنية.

15. **عبدالعزيز**، احمد .(2006) .*الامارة الهذبانية في اذربيجان واربيل والجزيرة الفراتية* . اربيل: مطبعة وزارة التربية.

16. **عزت**، فائزة محمد .(2009) .*الحياة الاجتماعية للكورد بين القرنين (4-9هـ/10-15م)* .اربيل: مطبعة الحاج هاشم.

17. **عودة**، عبدالقادر. (1431هـ) .*التشريع الجنائي الاسلامي مقارنا بالقانون الوضعي* . بيروت: دار الكتاب العربي.

18. **گەیلان عباس** .(2021) .*گەندەڵی لە عێراق و هەرێمی کوردستان* .سلێمانی: (ب.ب.).

19. **كسروي**، احمد. (1388 هەتاوی) .*شهریاران گمنام* .تهران: انتشارات نگاه.

20. **لسترينج** .(1954) .*بلدان الخلافة الشرقية* .بغداد: مطبعة الرابطة.

21. **محمد**، محمد شادي تيسير .(2015) .*الفساد في الدولة الفاطمية سياسيا، اداريا، الاجتماعيا، اقتصاديا* .الاسكندرية: مؤسسا شباب الجامعة.

22. **المعاضيري**، خاشع .(1968) .*دولة بني عقيل في الموصل* .بغداد: مطبعة شفيق.

23. **منصور**، اسحاق ابراهيم .(1991) .*موجز في علم الاجرام وعلم العقاب* .الجزائر: ديوان المطباعات الجامعة.

24. **النقشبندي**، حسام الدين.
    - .(2011)*الكرد في لرستان الصغرى* .السليمانية: مطبعة شڤان.
    - .(2013)*اذربيجان في العصر السلجوقي* .بيروت: المركز الاكاديمي للابحاث.

25. **يوسف**، عبدالرقيب .(1972) .*الدولة الدوستكية في كردستان الوسطى* .بغداد: المجمع العلمي الكردي.

**سێیەم: نامە زانستییەکان و توێژینەوە ئەکادیمییەکان:**

1. **اليراقي**، احمد محمد رمضان .(2024) .*الفساد في دويلات المشرق الاسلامي (205-617هـ/820-1220م)* .(نامەی دکتۆرای بڵاونەکراوە). زانکۆی دهۆک، دهۆک.
2. **اسماعيل**، قيس عبد. (2021). "الامير نصرالدولة احمد بن مروان ودوروه في ازدهار امارة بني مروان 401-453هـ. *گۆڤاری زانکۆی عێراقییە*.
3. **التكريتي**، محمود ياسن .(1970) .*الامارة المروانية في دياربكر والجزيرة* .(نامەی ماستەری بڵاونەکراوە). زانکۆی بەغداد، بەغداد.
4. **محمود**، حميد هند. (2018). "الفساد (تعريفه وخصائيصه، اسبابه، مظاهره، طرق مكافحة) .*گۆڤاری زانستە سیاسییەکان*.

**چوارەم: ماڵپەڕە ئەلکترۆنیەکان(Websites)**

1. **لاجانی**، ابراهیم. (2014، کانوونی دووەم 25) .*میوانداری و خوانی کوردان* .پێشمەرگە. وەرگیراوە لە https://peshmergekan.com/ :

# Journal of Kirkuk University Humanity Studies

Vol. 20, No. 2, Part II, December 2025

A quarterly journal published by the College of Education for Human Sciences, University of Kirkuk

ISSN 1992 - 1179

Postal Address
Iraq – Kirkuk – University of Kirkuk
P.O. Box: 2281
Postal Code: 52001

Legal Deposit Number: 1209
National Library and Archives of Iraq, Baghdad
(2009)

kujhs@uokirkuk.edu.iq

Editor-in-Chief: Prof. Dr. Murad Ismail Ahmed

**In the Name of Allah, the Most Gracious, the Most Merciful**

All praise is due to Allah, the Lord of the Worlds, and peace and blessings be upon our Master Muhammad and upon all his family and companions.

The Editorial Board of the **Journal of the University of Kirkuk for Humanitarian Studies** is pleased to present to researchers and interested readers this new issue, which includes a distinguished collection of rigorous scholarly studies in various fields of the humanities. These studies reflect the diversity of disciplines and the depth of methodological approaches, and they contribute to enriching human knowledge and strengthening constructive academic dialogue.

Since its inception, the journal has sought to establish the standards of sound scientific research, adhere to the principles of rigorous peer review, and encourage original studies that address contemporary humanitarian issues through balanced scientific and methodological perspectives, thereby serving societal development and advancing academic research.

This issue is the result of the collective scholarly efforts of esteemed researchers, members of the Editorial Board, and respected reviewers, whose academic contributions and objective evaluations played a significant role in presenting the studies in their final form in accordance with the standards adopted by peer-reviewed academic journals.

While we highly value the trust that researchers place in our journal, we reaffirm our continued commitment to supporting serious scientific research and to opening avenues for publication to researchers from within Iraq and beyond. We hope that this issue will constitute a valuable scholarly addition that serves the advancement of research in the humanities.

We ask Allah to grant success and guidance to all.

Peace and blessings be upon you.

**Editor-in-Chief**
**Prof. Dr. Murad Ismail Ahmed**
**Journal of the University of Kirkuk for Humanitarian Studies**
**December 2025**

**Publication Rules and Guidelines – Journal of Humanistic Studies, University of Kirkuk**

1. The research manuscript must be submitted electronically via the website (https://kujhs.uokirkuk.edu.iq) in **Microsoft Word format** (.doc or .docx).
2. The research must be typed using a computer with **single line spacing**, not exceeding **25 pages** (approximately **10,000 words**). The font for Arabic research should be **Simplified Arabic**, including tables, with line spacing 1.5 and font size 14 on **A4 paper**. For English and Turkish research, use **Times New Roman**, size 14, on A4 paper. For Kurdish research, use **Kurdfonts (Koran font)**.
3. A **short academic CV** of the author(s) must be submitted separately along with the research.
4. Authors' full names should be written in **Arabic and English**, including their current positions and academic ranks.
5. An **author's declaration** confirming that the research has not been previously published and is not under review elsewhere must be included.
6. **Main and subheadings** should be used to structure the research logically. Main headings include: Research Title, Abstract, Keywords, Introduction, Research Methodology, Discussion, Conclusion, References.
7. An **abstract in both Arabic and English** must be included, not exceeding **250 words**.
8. **Keywords** must be listed immediately after the abstract.
9. Tables, figures, and maps must be included **within the text**, numbered sequentially, with appropriate titles and references in the text.
10. Research derived from **Master's theses or PhD dissertations** may be published, provided these works have not been published or accepted elsewhere. This must be indicated on the first page, in the references list, and in the author's declaration.
11. Authors are responsible for paying any **evaluation-related fees** if they withdraw the research and decide not to continue the publication process.
12. Authors are granted a maximum of **one month** to make any requested revisions. The journal reserves the right to **automatically cancel** the submission if the revisions are not submitted within the given period.

**References and Citation Rules:**
13. a. The **APA 7th Edition** (American Psychological Association) must be followed for all citations and references, ensuring accuracy and consistency.
b. In-text citations should include the **author's last name, year, and page number**, e.g., Ali Abdul Abbas Al-Azzawi (Al-Azzawi, 2008: 214) or (Al-Azzawi, 2008).
c. For Quranic sciences and Islamic history research, references may be cited using **numbered superscripts** (1), (2), (3) and detailed at the end of the research in numerical order.
d. References must be listed **alphabetically by the author's last name**. Examples:
- Books: Last Name, First Name (Year), Title of Book, Edition, City of Publication, Publisher.
*Example:* Shhadeh, Numan 2011, Statistical Analysis in Geography and Social Sciences, Amman – Jordan, Safaa Publishing.
- Journals: Last Name, First Name, (Year). Title of Article. **Journal Name**, Place of Publication, Volume Number, Issue Number, Page Numbers.

14. A **plagiarism check** must be performed at the university computing center.
15. The **publication fee** is **150,000 Iraqi Dinars**. If the research exceeds 25 pages, an additional **5,000 IQD per extra page** will be charged.
16. The journal's editorial board conducts an **initial evaluation**, followed by review by **qualified expert reviewers**. Authors must make any required revisions before final approval for publication.
17. All manuscripts and correspondence related to the journal must be submitted via the **journal website**.

## Editorial Board Members

| No. | Position | Name | Academic Title | Specialization | Workplace | Country |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | Editor-in-Chief | Dr. Murad Ismail Ahmed | Professor | Geography | University of Kirkuk, College of Education for Humanities | Iraq |
| 2 | Managing Editor | Dr. Haider Adel Mohammed | Lecturer | Turkish Language | University of Kirkuk, College of Education for Humanities | Iraq |
| 3 | International Editorial Board Member | Dr. Mishari Abdulaziz Mohammed Al-Mousa | Professor | Arabic Language | Kuwait University, College of Arts | Kuwait |
| 4 | International Editorial Board Member | Dr. Syed Sadiq Awad Allah Ahmed | Professor | English Language | University of Bahrain, College of Arts | Bahrain |
| 5 | International Editorial Board Member | Dr. Nazan Tutash | Professor | English Language | Ankara University, Faculty of Languages | Turkey |
| 6 | Editorial Board Member | Dr. Fahad Abbas Suleiman | Professor | History | University of Kirkuk, College of Education for Girls | Iraq |
| 7 | International Editorial Board Member | Dr. Noor Allah Jateen | Professor | Turkish Language | Ankara University, Faculty of Languages | Turkey |
| 8 | Editorial Board Member | Dr. Kamal Abdullah Hassan | Professor | Geography | University of Anbar, College of Arts | Iraq |
| 9 | Editorial Board Member | Dr. Zanyar Faiq Saeed | Professor | English Language | University of Sulaymaniyah | Iraq |
| 10 | Editorial Board Member | Dr. Jinar Abdulqader Ahmed | Professor | Educational and Psychological Sciences | University of Kirkuk, College of Education for Humanities | Iraq |

| No. | Position | Name | Academic Title | Specialization | Workplace | Country |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 11 | International Editorial Board Member | Dr. Dalal Ali Suleiman Zriqat | Professor | Geography | University of Jordan, College of Arts | Jordan |
| 12 | Editorial Board Member | Dr. Yasser Mohammed Taher | Professor | Teaching Methods | University of Kirkuk, College of Education for Pure Sciences | Iraq |
| 13 | Editorial Board Member | Dr. Karwan Omar Qader | Professor | Kurdish Language | University of Sulaymaniyah, College of Languages | Iraq |
| 14 | International Editorial Board Member | Dr. Essam Mustafa Abdulhadi Aqleh | Associate Professor | History | Khour Fakkan University, College of Arts | UAE |
| 15 | International Editorial Board Member | Dr. Ibrahim bin Yahya bin Zahran Al-Busaidi | Associate Professor | History | Sultan Qaboos University, College of Arts | Oman |
| 16 | International Editorial Board Member | Dr. Nazih Ibrahim Al-Manasiya Al-Battoush | Professor | Geography | University of Jordan | Jordan |
| 17 | International Editorial Board Member | Dr. Khalisa Al-Ghabari | Assistant Professor | English Language | Sultan Qaboos University, College of Arts | Oman |
| 18 | International Editorial Board Member | Dr. Mahdi Qais Abdulkarim Al-Janabi | Assistant Professor | Quranic Sciences | University of Sharjah, College of Sharia and Islamic Studies | UAE |
| 19 | International Editorial Board Member | Dr. Ismail Al-Bar Qumsar | Assistant Professor | Turkish Language | Duzce University | Turkey |
| 20 | International Editorial Board Member | Dr. Fares Mahmoud Mahmoud | Associate Professor | Geography | University of Bern | Switzerland |

| No. | Position | Name | Academic Title | Specialization | Workplace | Country |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 21 | Editorial Board Member | Dr. Kamel Abdulqader Hussein | Assistant Professor | Quranic Sciences | University of Kirkuk, College of Education for Humanities | Iraq |
| 22 | Editorial Board Member | Dr. Ezzedine Saber Mohammed | Assistant Professor | Kurdish Language | University of Kirkuk, College of Education for Humanities | Iraq |
| 23 | Editorial Board Member | Dr. Khalid Ahmed Hawas | Assistant Professor | Arabic Language | University of Kirkuk, College of Education for Humanities | Iraq |
| 24 | International Editorial Board Member | Dr. Mohammad Akbarpour | Assistant Professor | Geography | Riza University, College of Arts | Iran |
| 25 | Editorial Board Member | Dr. Ali Hadi Hassan | Assistant Professor | Arabic Language | University of Kirkuk, College of Education for Humanities | Iraq |
| 26 | Editorial Board Member | Dr. Majid Ahmed Jadoa Al-Zubaidi | Professor | English Language | University of Anbar, College of Arts | Iraq |
| 27 | Editorial Board Member | Dr. Mohammad Ali Sharif | Assistant Professor | Turkish Language | University of Kirkuk, College of Education for Humanities | Iraq |
| 28 | Editorial Board Member | Dr. Zainab Ismat Safaa Al-Din | Lecturer | English Language | University of Kirkuk, College of Education for Humanities | Iraq |
| 29 | Editorial Board Member | Dr. Emad Abdullah Murad | Lecturer | Quranic Sciences | University of Kirkuk, College of Education for Humanities | Iraq |

# Index Of Published Research

## History Research


| NO | Research Title | Researcher | Page Number |
|---|---|---|---|
| 1 | The Profession of Refrigeration and its Development in the Abbasid Era (192-656 AH / 807-1258 AD | Ismaeel T. Ghafoor Al - Obaidy | 1−22 |
| 2 | Negotiations of Aix-les-Bains and the Independence of Morocco, 1955–1956" | Asst. Prof. Dr. Riam Abbas Dweibel | 23−44 |
| 3 | The Relationship Between The Ardalan Emirate And The Ottoman State During The Period 1520-1566 AD (A Historical And Political Study) | Suzan Saleh Karim | 45−74 |
| 4 | The Program Of The Syrian Communist Party And The Government's Stance Towards It Up To 1972 | Shahla Amin Rashid Muhammad | 75−122 |
| 5 | The Role Of The Baghdad Ashrafs Syndicate In Encouraging Jihad During World War I | Asst. Lect Imad Ahmed Hamid | 123−150 |
| 6 | Reflection of class and union struggle in southern Kurdistan in Kurdistan Road newspaper ‘’Rygai kurdistan’’ (1991-1994) | Assistant Prof.Dr.Faraydoon Abdulrahim Abdullah | 151−187 |


## Geography Research


| NO | Research Title | Researcher | Page Number |
|---|---|---|---|
| 7 | Environmental Assessment Of Heavy Metal Concentrations In Frozen Imported Fish Tissues In Kufa City Markets | Dr. Hassan Allawi Abbood AL- Akraeww Hasanain Mohammad Abdulhssein Aboshabbaa | 188−213 |
| 8 | The Impact Of Air Temperature And Humidity On Human Thermal Comfort In Kirkuk City, Iraq (1990-2020) | Asst.Lect Sarraa Wadhah | 214−235 |
| 9 | A Geomorphological Study of Nebkhas in Al-Siniyah Subdistrict, Baiji District | Lecturer Dr. Saadi Khalaf Ahmed | 236−277 |

## Educational and Psychological Sciences Research


| NO | Research Title | Researcher | Page Number |
|---|---|---|---|
| 10 | Dehumanization & Its Relationship to Moral Exclusion | Asst. Prof. Dr. Anwer Jabbar Ali | 278−321 |
| 11 | Systems Thinking Among Educational Counselors | Dr. Walid Khalil Ismail | 322−345 |


## Arabic Language Research


| NO | Research Title | Researcher | Page Number |
|---|---|---|---|
| 12 | The Eloquence Of Retriation In Single Qur"anic Stories From Cutting Events To Generating Meanings Reading In Selected Models | Assistant Professor Dr. Ahmed Juma Shawan | 346−390 |
| 13 | The Research Title In Argumentative Factors And Their Role In Textual Cohesion An Applied Study Of The Diwan Of Imam Al-Shafi' -Selected Models- | Dr. Aram Ali Othman | 391−415 |
| 14 | Conversational Implicature in Al-Khansa's Poetry in the Light of Paul Grice's Principles | Asst. Prof. Dr. Saad Abdulrahim Ahmad Al-Hamdani | 416−450 |


## English Research


| NO | Research Title | Researcher | Page Number |
|---|---|---|---|
| 15 | The Interaction Between Grammar And Implicatures In Eliciting Meaning | Ibrahim Hassan Abdullah | 451−473 |
| 16 | Female psychosis and patriarchal oppression as Exemplified in the Yellow Wallpaper | Dr. Anmar Adnan Mohammed Hassan | 474−488 |

## Research of the Turkish Language


| NO | Research Title | Researcher | Page Number |
|---|---|---|---|
| 17 | Teachers' Views On Turkish Education In Iraq (The Case Of Kirkuk) | Najat Ayoob Shukur SHUKUR | 489−522 |


## Quranic Sciences Research


| NO | Research Title | Researcher | Page Number |
|---|---|---|---|
| 18 | "The Principle Of Prioritizing Jurisprudence And Its Importance In The Field Of Islamic Economics" | Assistant Professor Dr. Abdul Sattar Shahadhah Hussein Al-Luhibi | 523−554 |
| 19 | Interpretive And Purposive Controls In Constructing The Concept Of Fitna In The Holy Qur’an: An Applied Study Of Surat Al-Baqarah | Prof. Dr. Ahmed Abdullah Rahim | 555−594 |

# Research Derived from Theses and Dissertations


| NO | Research Title | Researcher | Page Number |
|---|---|---|---|
| 1 | The Geographical Distribution of Large-Scale Industries in Kirkuk Governorate in 2024 | Riyam Yas Jasim Al-Hiyali | 620−595 |
| 2 | The Past Tense Suffix in the Diwan of Omar Al-Ashiq: An Analytical Study | Assoc. Prof. Mahia Mohsen Hassan | 621−636 |
| 3 | An Analytical Study of Poetic Content According to Prosodic Meter in Sadiq Bashirli's Diwan (From a Cup to a Sea) | Prof. Abbas Rashid Ali | 637−653 |
| 4 | Women in the Poem "A Woman Does Not Want to Be a Woman" by Ali Binjwani | Asst. Lecturer Murtadha Saif Al-Din Najm Al-Din | 654−672 |
| 5 | Politeness in Conversational Implicatures | Assoc. Prof. Goran Salah Al-Din Shukr | 673−689 |
| 6 | The Anfal Campaign and Its Reflections in the Poetry of Latif Fattah Faraj | Fatima Abbas Hamid – Assoc. Prof. Arsan Hashim Mahmoud Al-Saqi | 690−719 |
| 7 | The Semiotics of the Title in the Poetry of Farhad Shakli | Prof. Saman Izz Al-Din Saadoun | 720−742 |
| 8 | Pedagogy of Language Teaching | Lecturer Ashti Hussein Arif | 743−779 |
| 9 | Teaching the Kurdish Language in the First Grade of Primary Education in Non-Governmental Primary Schools in the District Center of Sulaymaniyah Governorate: A Case Study | Sarwa Mohammed Karim | 780−803 |
| 10 | Intertextual Materials in the Poems of the Poet Nali | Prof. Shihab Tayeb Taher | 804−819 |
| 11 | Mythological Thought in the Poems of Sabah Ranjdar from the Perspective of Mythological Criticism | Suvara Mohammed Ahmed | 820−844 |
| 12 | Social Corruption in the System of Governance of the Kurdish Emirates during the Abbasid Era | Assoc. Prof. Asu Omar Mustafa | 845−870 |
| 13 | Qur'anic Readings and Their Impact on Understanding the Qur'anic Text | Siran Ahmed Abdulqader | 871−885 |

Kirkuk University Journal for Humanities Studies

Volume 20, Issue 2, Part 2, December 2025

Issued by the College of Education for Human Sciences, Kirkuk University

# Kirkuk University Journal for Humanities Studies

A peer-reviewed quarterly journal from the College of Education for Humanities, University of Kirkuk

A quarterly magazine issued by the
College of Education for Human Sciences
Kirkuk University

issn 1992 - 1179

Postal address
Iraq/ Kirkuk/ Kirkuk University
P.O. Box: 2281 and Zip Code: 52001